تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5803) یەک شەممە 4ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی ساڵیادی جینۆسایدی شنگال:

کارەساتی شنگال دریژەی کارەساتەکانی دیکەیە کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون

خوشک و برایانی ئێزدی بەشێکی دانەبڕاوی گەلی کوردستانن و بەهەموو شێوەیەک پشتیوانییان دەکەین



دوێنێ شەممە بە بۆنەی پێنجەمین ساڵیادی کارەساتی شنگال و هێرشی دڕندانەی داعش بۆ سەر کوردانی ئێزدی، سەرۆک بارزانی پەیامێکی بڵاو کردەوە و تێیدا جەخت لە بە جینۆسایدناساندنی ئەو ناوچەکە و هاوکاریی خوشک و برا ئێزدییەکان دەکاتەوە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ڕۆژی سێی هەشت، یادی کارەساتکی ناخەمۆێن دەکەینەوە. ئەو کارەساتەی تیرۆریستانی داعش بەسەر خەڵکی شنگالیان هێنا، بەپێی هەموو پێوەرەکان جینۆسایدە و پێویستە لەناوخۆ و دەرەوە هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەو کارەساتە و دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ڕفێندراوان و هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا بگەنە ڕێگەیەکی هاوبەش بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و ئیدارەی شنگال لەدەست خەڵکی شارەکەدا بێت.

کارەساتی شنگال دریژەی کارەساتەکانی دیکەیە کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون و گەلی ئێمە هەر بە زیندوویی مایەوە. جارێکی دیکە جەخت دەکەینەوە کە خوشک و برایانی ئێزدی بەشێکی دانەبڕاوی گەلی کوردستانن و بەهەموو شێوەیەک پشتیوانییان دەکەین.

لە ساڵیادی کارەساتی شنگالدا، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەوکارەساتە و ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی لەپێناو بەرگریکردن و ئازادکردنەوەی شنگالدا گیانی خۆیان بەخشی.

مسعود بارزانی
3ی8ی2019

شنگال... پێنج ساڵ جەنگ و نەهامەتی

لە 3ی ئابی 2014 داعش پەلامارەی شاری شنگالیدا و لە شەو و ڕۆژێکدا هەزار و 293 ژن و پیاوی کوشت و 6 هەزار و 417 کەسی ڕفاند، تا ئێستا 3 هەزار و 509 کەس ڕزگار کراون و هێشتا چارەنووسی 2 هەزار و 908 کەس نادیارە. لە کاتێکدا لە شنگال هێشتا دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی کوردانی ئێزدی هەڵنەدراونەتەوە و خاپووربوونی هەزاران خانوو لە سنوورەکە سیمای وێرانەی بە شنگال بەخشیوە، هێشتا پێنج ساڵە شەڕ و ململانێ بەڕۆکی سنوورەکەی بەرنەداوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پەرلەمانی کوردستان 3ی ئابی وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی دیاریکرد



دوێنێ شەممە 2019/8/3 پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە 3ی نائاسایی ئەنجامدا بۆ خوێندنەوەی پڕۆژە یاسای دیاریکردنی ڕۆژی 2019/8/3 وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و دواتر پڕۆژە یاساکە بە دیاریکردنی ڕۆژی 3ی ئاب دەنگی لەسەر درا و پەسەند کرا.

پاشان سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەو یاداشتە کرد کە لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرابوو، سەبارەت بە پاراستنی شکۆی سیمبۆلەکانی کوردستان و تیایدا داوایان کردبوو کە ناوەڕۆکی یاداشتەکەیان بکرێتە بابەتی کۆبوونەوەکە، لەوبارەیەوە سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پاڵپشت بە دەقی بڕگەی یەکەم لە مادەی هەشت لە پەیڕەوی ناوخۆ کە تیایدا هاتووە دانیشتنی نائاسایی تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت لە بەرنامەی کاردا دیاریکراون، لە بەرنامەی کاری ئەو کۆبوونەوەیەش تەنیا تەوەر بڕیتییە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی 2019/8/3 وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی:

پشوو نادەین تاکو تیرۆر لەناو دەبەین و ڕفێندراوەکان دەگەڕێنینەوە

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بڕیارێکی گرنگ بەڵام درەنگ

سەلام عەبدوڵلا

لە 3ی ئۆگوستی ساڵی 2014 دڕندەکانی داعش لەژێر ناوی خەلافەتی ئیسلامیدا هێرشێکی لە ناکاو و کتوپڕیان کردە سەر شنگال و دێکانی دەوروبەری کە جێی نیشتەجێبوونی برا ئێزیدیەکان بوو بەهیوای قڕکردن و دیلکردنیان بە پاساوی ئەوەی کە ئەمانە موسڵمان نین و دەبێت لەناوببرێن.

ئێزیدیەکان کە خاوەنی ئایینێکی تایبەت بەخۆیانن لە درێژ زەمانەوە بەئاشتی و ئارامی لەو ناوچانەدا دەژین کە زۆرجار دەستدرێژی ناڕەوایان کراوەتەسەر، بەڵام ئەوان هەرگیز تۆڵەسێن نەبوون، بۆیە هەمیشە شەرمەزاری بۆ ئەوانە ماوەتەوە کە دەستدرێژیان کردۆتە سەریان و بە پەڵەیەکی ڕەش و شەرمهێن لەمێژوویاندا لەقەڵەم دەدرێ.

ئەوەی داعش لەو چەند ڕۆژەدا کردی بەهەموو پێوەرێک قڕکردنی بە کۆمەڵ بوو کە لەسەر ئاستی جیهان بەجینۆساید لە قەڵەم دەدرێ و تێیدا زیاد لە شەش هەزار لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەو خەڵکی سڤیل دەستگیرکرا و پیاوەکانی تێدا کۆمەڵکوژ کران و ژنیش بەسەبی و منداڵەکانیش بەدیل گیران.

دوێنێ پەرلەمانی کوردستان لە بڕیارێکیدا ئەو کۆمەڵکوژییەی(سێ ی ئابی) بە جینۆساید لەقەڵەمدا کە بڕیارێکی بەجێبوو، هەرچەند زۆریش دواکەوت لەگەڵ ئەوەشدا مایەی خۆشحاڵی هەموان بوو، بەتایبەت، ئێزدیەکان، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لەکۆی(111) تەنیا(87) پەرلەمانتار بۆ ئەو دەنگدانە گرنگ و چارەنووسسازە ئامادەبوون واتە(24) ئەندام پەرلەمان لەو دەنگدانەدا بەشدار نەبوون.

تائێستا هۆکاری ئەو ئامادە نەبوونە نازانرێت و داوادەکرێت خودی پەرلەمان ڕوونکردنەوە بدات کە بۆچی ئەندامانی لەو بڕیارە گرنگەدا ئامادە نەبوون، جا لەژێر هەر پاساوێکدا بووبێت.

ڕاستە لە پەرلەمان و سیستەمی دیموکراتیدا ڕای جیاواز و هەڵوێستی جیاواز هەیە لە مەسەلە سیاسییەکاندا، بەڵام لە مەسەلەیەکی نیشتمانی وەک کارەساتی قڕکردنی برا ئێزیدیەکان نابێت لەژێر هیچ پاساوێکدا بێهەڵوێستی قبوڵبکرێ، جا لەژێر هەر بیانووێکدابێت، چونکە ئەوە ناچێتە قاڵبی دیموکراتیەوە کە هەڵوێستت لە کۆمەڵکوژی براکانت وەرنەگرێت.

هەر لەم بۆنەیەدا داوا لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقیش دەکەین کە ئەم کەیسە بخاتە بەردەم نەتەوەیەکگرتوەکان بۆئەوەی ئەوانیش بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی برا ئێزدیەکان بدەن و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ پەیدابکات.

بەهەر حاڵ، ئێزدییەکان لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەساتەدا سەربەرزانە لێی دەرچوون و دڕندەکانی داعش و خەلافەتەکەی چوونە قێزەونترین لاپەڕەکانی میژوو.

14ساڵ لەمەوبەر دەزگای خێرخوازیی بارزانی دامەزرا



لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە 4/8/2005 دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە لایەن بەڕێز مەسرور بارزانی دامەزرا، ئەو دەزگایە لە ماوەی 14ساڵدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، لەو ڕووەوە ئەزموونێکی زۆری کاری خێرخوازیی کەڵەکە کردووە، ڕاستە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە کوردستان دامەزراوە، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوە، لەو ڕووداوانەی دوای 2014 بەتایبەتیش شەڕی داعش و ئاوارەبوونی نزیکەی دوو ملیۆن کەس بۆ هەرێمی کوردستان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هاوکاریکردنی ئاوارەکان، تەنانەت دەزگا خێرخوازییەکانی دیکە پشتیان بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەستووە، دامودەزگای مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەماهەنگییان هەبووە.

لەو کارەساتەی بەسەر شنگالدا هات کە لە 3ی ئابی 2014داعش پەلاماری شنگالی دا، دواتر دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵی گرنگی لە بە پەلە گەیاندنی پێداویستی سەرەتایی بۆ ئاوارەکان گێڕا، چالاکییەکانی دەزگا سنووری هەرێمی کوردستانی تێپەڕاندووە و هاوکارییەکانی گەیاندووەتە ڕۆژئاوای کوردستان، تەنانەت لە کارەساتە سروشتییەکانیشدا ڕۆڵی گرنگی لە گەیاندنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ لێقەوماوان بینیوە، بەتایبەت بۆ لیقەوماوانی بومەلەزەکەی وان لە کوردستانی تورکیا و هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی کرماشان، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی خێرخوازی وو گەیاندنی هاوکاری هەبووە. **لە ژمارەی سبەی ڕاپۆرتێک بەبۆنەی دامەزراندنی دەزگای خێرخوازیی لە خەبات بخوێنەوە.**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی میری ئێزدییان دەکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/8/3 سەردانی بەڕێز حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدییانی لە شوێنی حەوانەوەی لە قەزای شێخان کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووبارە پیرۆزبایی لە بەڕێز میری ئێزدییان کرد بەبۆنەی وەرگرتنی ئەرکی میرایەتی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها هەموو پشتگیرییەکی بۆ بەڕێزیان و بۆ خوشک و برایانی ئێزدی و خزمەتکردنیان دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدییان سوپاس و پێزانینی بۆ سەردانەکە و پشتگیرییە بەردەوامەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێزدییان دەربڕی و بەدواداچوونی پێوەستی و کێشەکانی ئێزدییانی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بەرز نرخاند. تاوتوێکردنی دۆخی گشتیی ئێزدییان و ناوچەی شەنگال و دەوروبەری و هەوپەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ئاوەدانکردنەوە و گەڕاندنەوەی ئارامی و ژیان بۆ ئەو ناوچانە، بەشێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/8/4 ژمارە (5803)
خەبات



نێچیرڤان بارزانی:

پشوو نادەین تاکو تیرۆر لەناو دەبەین و رفێندراوەکان دەگەڕێنینەوە

دوێنێ شەممە 3ی8ی2019 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە یادی پێنج ساڵەی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە تویتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتووە:

لە یادی پێنج ساڵەی جینۆسایکردنی ئێزدییەکان لە شنگال، یادی ئەو کەسانە دەکەینەوە کە بوونە قوربانی درندەیی چەکدارانی داعش. نێچیرڤان بارزانی دەشڵێت: ئێمە پشوو نادەین تاکو تیرۆر لەناو دەبەین و رفێندراوەکان دەگەڕێنینەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەکات، ئەو کارەساتە بە جینۆساید بناسێنێت و هەوڵیش بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە بدات.

مەسرور بارزانی بە بۆنەی پێنجەمین ساڵەی کۆمەڵکوژی شنگال:

هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ لە پێناو کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی خوشک و برا ئێزدییەکانمان

ئێزدییەکان هەمیشە بەرگرییان لە ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان کردووە و وەک بەشێکی رەسەنی گەلی کورد ماونەتەوە



دوێنێ شەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی تێپەڕبوونی 5 ساڵ بەسەر داگیرکردنی شنگال لەلایەن ڕێکخراوی داعش و جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان، پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند "سەرەڕای ئەوە هەموو کاردسات و قوربانیدانانەش، ئێزدییەکان هەمیشە بەرگرییان لە ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان کردووە و وەک بەشێکی رەسەنی گەلی کورد ماونەتەوە".

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەکەینەوە، کاتێک پێنج ساڵ لەمەوبەر تیرۆریستانی داعش شاری شنگال و دەوروبەریان داگیرکرد و لە ئەنجامدا هەزاران ئێزدی کوژران و هەزاران ژن و منداڵ دیل گیران و ئەشکەنجە و ئازاری جۆراوجۆر دران. ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەکەینەوە، کاتێک پێنج ساڵ لەمەوبەر تیرۆریستانی داعش شاری شنگال و دەوروبەریان داگیرکرد و لە ئەنجامدا هەزاران ئێزدی کوژران و هەزاران ژن و منداڵ دیل گیران و ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دران. ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەکەینەوە، کاتێک پێنج ساڵ لەمەوبەر تیرۆریستانی داعش شاری شنگال و دەوروبەریان داگیرکرد و لە ئەنجامدا هەزاران ئێزدی کوژران و هەزاران ژن و منداڵ دیل گیران و ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دران. ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەکەینەوە، کاتێک پێنج ساڵ لەمەوبەر تیرۆریستانی داعش شاری شنگال و دەوروبەریان داگیرکرد و لە ئەنجامدا هەزاران ئێزدی کوژران و هەزاران ژن و منداڵ دیل گیران و ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دران. ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەکەینەوە، کاتێک پێنج ساڵ لەمەوبەر تیرۆریستانی داعش شاری شنگال و دەوروبەریان داگیرکرد و لە ئەنجامدا هەزاران ئێزدی کوژران و هەزاران ژن و منداڵ دیل گیران و ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دران.

فەرمانی قڕکردن بوونەتەوە کە هەمووبان دەچنە خانەی جینۆسایدکردن، کە دواترینیان کۆمەڵکوژی شنگال بوو. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و قوربانیدانانەش، ئێزدییەکان هەمیشە بەرگرییان لە ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان کردووە و وەک بەشێکی رەسەنی گەلی کورد ماونەتەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژەش بە ڕۆڵی مەیدانی و فەرماندەیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک بارزانی و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە بکەین کە بەو پەڕی ئازایەتییەوە شنگال و هەموو ئەو دەڤەرانەیان ئازاد کرد، کە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکرابوون. هەروەها ڕۆڵی خەڵکی کوردستانیش لە هاوکاریکردن و بەهاناوەچوونی خوشک و برا ئێزدییەکانیان بەرز دەنرخێنین.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم یادە خەمناکە دەکەینەوە، دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 3ی ئاب، وەک ڕۆژی جینۆسایدو و کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان.

بەهاوکاری هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵیش هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ لە پێناو کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی خوشک و برا ئێزدییەکانمان و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کۆمەڵکوژی شنگال. هەروەها کار دەکەین لە پێناوی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی شنگال و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی حکوومەتی فیدراڵ و بەپێی دەستوور. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ زانینی چارەنووسی هەموو ئەو خوشک و برا ئێزدیانەی لە لایەن تیرۆریستانەوە ڕفێنراون و تا ئێستا ئازاد نەکراون. بە هاوکاری دۆستەکانمان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانە گەورەیە لەئاستی جیهانی و دادگاییکردنی ئەنجامدەرانیان دەکەین.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کۆمەڵکوژی دەڤەری شنگال و هەموو شەهیدانی نیشتمان دادەنوێنین.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
3ی ئابی2019

ئەمەریکا ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکیی نوێ دەکات

وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ڕایگەیاند، دوای کشانەوەیان لە ڕێککەوتنی هێزەکانی ئەتۆمی مەودا ناوەند بەشێوەیەکی فەرمی، ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکیی نوێ دەکەن. بەڕپرسێکی باڵای وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا کە بۆ CNN دواوە و نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، ڕایگەیاندووە سوپای ئەمەریکا کار لەسەر سیستەمی مووشەکیی نا ئەتۆمی دەکات. بەڕپرسەکە ڕاشیگەیاندووە، ئامانجی سەرەکیی ئەمەریکا لە بەرەوپێشبردنی سیستەمی مووشەکیدا بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیایە لە ئەوروپا. لەلایەکی دیکەوە بەپێی هەواڵی میدیاکانی ئەمەریکا، پێنتاگۆن لەپلانیدایە لە مانگی تشرینی دووەمدا تاقیکردنەوەی مووشەکی مەودا ناوەند ئەنجامبدات.

پەرلەمانی کوردستان 3ی ئابی وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی دیاریکرد



دوێنێ شەممە 2019/8/3 پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە 3ی نائاسایی ئەنجامدا بۆ خوێندنەوەی پڕۆژە یاسای دیاریکردنی ڕۆژی 2019/8/3وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و دواتر پڕۆژە یاساکە بە دیاریکردنی ڕۆژی 3ی ئاب دەنگی لەسەر درا و پەسەند کرا.

پاشان سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەو یاداشتە کرد کە لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرابوو، سەبارەت بە پاراستنی شکۆی سیمبۆلەکانی کوردستان و تیایدا داوایان کردبوو کە ناوەڕۆکی یاداشتەکەیان بکرێتە بابەتی کۆبوونەوەکە، لەوبارەیەوە سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پاڵپشت بە دەقی بڕگەی یەکەم لە مادەی هەشت لە پەیڕەوی ناوخۆ کە تیایدا هاتووە دانیشتنی نائاسایی تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت لە بەرنامەی کاردا دیاریکراون، لە بەرنامەی کاری ئەو کۆبوونەوەیەش تەنیا تەوەر بریتییە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی 2019/8/3 وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید)ی ئێزدییەکان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان وەک ناونیشانی پێشنیازی بڕیارەکە پەسەند کرا. سەبارەت بە خاڵی یەکەمی پێشنیازی بڕیارەکەش کە شەش پێشنیار هەبوون دوای خستنە دەنگدانیانەوە بەجیا پێشنیاری شەشەم بە زۆرینەی دەنگی پەسەند کرا کە تیایدا ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی (جینۆساید)ی دەرهەق بە ئێزدییەکان کرا خەسڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەخۆدەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین و بەرپرسیاریەتیی قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ. خاڵی دووەمیش کە دوو پێشنیاری لەخۆگرتبوو بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەستەواژەی (3ی ئاب بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان دیاری دەکرێت، پەسەند کرا.

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کارا کرایەوە



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کارا کراوەتەوە و کەسێکی نوێش بۆ ئەو نوێنەرایەتییە دیاری کراوە. دەشڵێت، بوونی ئەو نوێنەرایەتییە لە بەغدا، بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا زیاتر پەرەیان پێ بدرێت.

د. قێیان سەبری، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندووە: نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشتریش لە بەغدا هەر هەبووە، بەڵام ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارای کردۆتەوە و بەرپرسێکی نوێشی بە ناوی (فارس عیسا) بۆ ئەو پۆستە دیاری کردووە و ئێستا دەستبەکاربوون، کە خۆی خەڵکی پارێزگای دهۆکە.

سەبری گوتیشی، بوونی ئەو نوێنەرایەتییە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە پردێکی پەیوەندی دەبێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا زیاتر پێشوەچوون بە خۆیەوە ببینێت و پەرەی زیاتری پێ بدرێت. جێی باسە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، کارەکانی نوێنەرایەتیی حکوومتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ڕاگیرابوو، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی باشبوونی پەیوەندییەکانەوە، جارێکی دیکە ئەو نوێنەرایەتییە کارا کراوەتەوە.

شنگال... پێنج ساڵ جەنگ و نەهامەتی

مەحما خەلیل: حکوومەتی عێراق کەمتەرخەم بووە لە سەقامگیر کردنی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە

خەیری بۆزانی: تا ئێستا 80 گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراوەتەوە و تەنها 6 گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدراوەتەوە

سمێ بۆسەلی: پێشمەرگە بە خوێن و هەوڵ و دەستی خۆی شنگالی لە داعش رزگار کردووە



فۆتۆ: دەنگی ئەمەریکا

لە 3ی ئابی 2014 داعش پەلامارى شارى شنگالیدا و لە شەو و رۆژێکدا هەزار و 293 ژن و پیاوى کوشت و 6 هەزار و 417 کەسى رفاند، تا ئێستا 3 هەزار و 509 کەس رزگار کراون و هێشتا چارەنووسى 2 هەزار و 908 کەس نادیارە. لە کاتێکدا لە شنگال هێشتا دەیان گۆڕى بە کۆمەڵى کوردانى ئێزدى هەڵنەدراونەتەوە و خاپوورېوونى هەزاران خانوو لە سنوورەکە سیماى وێرانەى بە شنگال بەخشیوە، هێشتا پێنج ساڵە شەڕ و ملمالانێ بەرۆکى سنوورەکەى بەرنەداوە. ساڵێک و سێ مانگ و دە رۆژ داعش لە قەزاى شنگال دەسەڵاتدار بوو، لەو ماوەیەدا وێڕاى قایيمکردنى بنکە و بارەگاکانیان و هەڵکەندنى دەیان تونێل، سەروەت و سامانى خەڵکیان بە تاڵان برد و کچ و ژنانى ئێزدیان بۆ ناوچەکانى ژێر دەسەڵاتیيان لە عێراق و سووریا گواستەوە، دواتر هێزەکانى پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکى بەرفراوانیان دەستپێکرد و لە ماوەیەکى کەمدا شنگالیان لە داعش رزگار کرد.

لە سەدا 80ى شنگال وێرانەیە قایمقامى قەزاى شنگال، مەحما خەلیل لەبارەى تێچەرپوونى پێنج ساڵ بەسەر کارەساتى شنگال دەڵێت:

ماوەى پێنج ساڵە بەهۆى نەهامەتى و جەنگى داعش و دواتر ملمالانێکانى پەکەکە و حەشدى شەعبى دژ بە خەڵک، ئیدارەى شەرعى شنگال و هێزەکانى پێشمەرگە لە سەدا 80ى قەزاى شنگال بە وێرانى ماوەتەوە و زیاتر لە 20 هەزار خانوو خاپوورن و زیاتر لە 520 شوێنى ئەندازەیى لە قەزاکە زیانیان بەرکەوتووە و رێگاوبان و سەرجەم پرۆژە خزمەتگوزارییەکان تێکدراون و تا ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەى قەزاى شنگال، حکوومەتى عێراق لە رابردوو کەمتەرخەم بووە لە سەقامگیرکردنى شنگال و ئاوەدانکردنەوەى شارەکە، ئومێدمان بە حکوومەتى نوێى عێراق هەیە کە هاوکار بێت لەگەڵ حکوومەتى هەرێمى کوردستان بۆ گەڕانەوەى سەقامگیرى و ئاوەدانى بۆ شنگال.

ئاوەدانکردنەوەى شنگال نزیکەى 10 ملیار دۆلارى پێویستە

مەحما خەلیل لەبارەى تێچووى ئاوەدانکردنەوەى قەزاى شنگال گوتى: ئەگەر حکوومەتى عێراق مەزەندەى 45 ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەى پارێزگاى نەینەوا بکات، ئەوا ئاوەدانکردنەوەى شنگال نزیکەى 10 ملیار دۆلارى پێویستە، چونکە هەر شنگال نییە، بەڵکو ناحییەکانى سەربە قەزاکەش پێویستییان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، بەڵام ئەوەى پێش ئاوەدانکردنەوەى پێویستە، بریتییە لە گەڕاندنەوەى دۆخى ئەمنى و دەرکردنى چەکدارانى پەکەکە و حەشدى شەعبین. قایمقامى قەزاى شنگال ئایشارێتەوە کە ماوەى پێنج ساڵە زیاتر لە سەدا 80ى هاوواڵتیيانى شنگال ئاوارەن و لە کەمپەکانى سنووری پارێزگاى دهۆک نیشتەجێن، بەهۆى بوونى پەکەکە و بەشێک لە حەشدى شەعبى نەبوونى خزمەتگوزارى لە سنوورەکە ناتوانن بگەڕێنەوە.

پێنج ساڵە شنگال ئارامى بەخۆیەوە نەبینیوە

هەروەها سەرۆکى ئەنجوومەنى قەزاى شنگال، وەیس نەواف دەڵێت: پێنج ساڵە شنگال ئارامى بەخۆیەوە نەبینیوە، لە ئابى 2014 داعش شارەکەى وێران کرد و زیانێکى گەورەى گیانى پێگەیاندین و دواى 16 ئۆکتۆبەر و تا ئێستا ئەو گرووپە چەکدارەى لە شارەکە بوونیان هەیە کە لە پەکەکە و لقەکانى و حەشدى شەعبى پێکدێن، تا ئەمڕۆش سەرقاڵى ململانێى حیزبین و نەهامەتى بۆ هاووڵاتیيانى شارەکە دەنێنەوە. ئاماژەى بۆ ئەوەشکرد کە شنگال لەبەردەم مەترسییەکى گەورەدایە، چونکە شانەنووستووەکانى داعش لە سنووری شنگال چالاکییان هەیە و پەیوەندیى و رێکخستنیان لە نێواندا هەیە، مەترسى دووبارە خۆ رێکخستنەوەیان هەیە.

68 مەزارگە و شوێنى ئایینى کوردانى ئێزدى تەقێندراوەتەوە

بەرێوەبەرى کاروبارى کوردانى ئێزدى لە وەزارەتى ئەوقاف و کاروبارى ئایینى حکوومەتى هەرێمى کوردستان، خەیرى بۆزانى لە لێدوانێکى لەبارەى گۆڕە بەکۆمەڵەکانى کوردانى ئێزدى گوتى: هەر لە دواى رزگارکردنى شنگال لە چنگ تیرۆریستانى داعش تا ئێستا 80 گۆڕى بە کۆمەڵى کوردانى ئێزدى لە سنوورى شنگال دۆزراوەتەوە کە داعش بە شێوەیەکى زۆر دڕندانە کۆمەڵکوژى کردوون و دەیان ڕووفات لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا هەیە، کە لە منداڵ و پیر و پەککەوتە بە هەردوو ڕەگەزەوە لەخۆى دەگرێت. خەیرى بۆزانى ئاماژەى بەوەش دا کە بەهۆى کەمتەرخەمى حکوومەتى عێراقەوە تا ئێستا تیمێکى نێودەوڵەتى بۆ هەڵکەندنەوەى گۆڕە بە کۆمەڵە پێکنەهێنداوە گوتیشى: لە کۆى 80 گۆڕى بە کۆمەڵ تا ئێستا تەنها 6گۆڕى بە کۆمەڵ هەڵدراوەتەوە، کە ئەمە ژمارەیەکى زۆر کەمە، بەڵکو دەبوو زیاتر لە 40 گۆڕى بە کۆمەڵ تا ئێستا هەڵدرابایەوە و بەڵگەکان کۆبکرایەوە.

بەرێوەبەرى کاروبارى کوردانى ئێزدى لە وەزارەتى ئەوقاف و کاروبارى ئایینى حکوومەتى هەرێمى کوردستان ژمارەى ئەو مەزارگانەى کوردى ئێزدى ئاشکرا دەکات کە لەلایەن داعشەوە تەقێندراونەتەوە و گوتى: لە سەردەمى داعشدا 68 مەزارگە و شوێنى ئایینى کوردانى ئێزدى تەقێندرایەوە لە ناوچە ئێزدى نشینەکان. بۆزانى ئاماژەى بەوەشدا کە داعش سەرەڕاى کوشتن و ڕفاندن و فرۆشتنى کچ و ژنانى ئێزدى وەک کەنیزەک، هەڵستا ئایینى ئێزدى بە بە ڕفێندراوانى کوردى ئێزدى گۆڕى، دەیان منداڵى ڕفێندراوى لەسەر بیرى تونددڕەوى پەروەردە کرد، ئەم بیرى تونددڕەوییە دەبێت بەردەوام کار لەسەر بنبڕکردنى بکرێت.

پێشمەرگە نەبووایە شنگال کۆنترۆڵ نەدەکرایەوە

جێگرى فەرماندەى فەرماندەیى شنگال، عەمید سمێ بۆسەلى کە یەکێک بوو لە فەرماندە دیارەکانى ئۆپەراسیۆنى کۆنترۆڵکردنەوەى شنگال لە چنگ چەکدارانى داعش دەڵێت: پێش پێنج ساڵ لە 3ى ئابى 2014 داعش دواى کۆنترۆڵکردنى مووسڵ و دەستکەوتنى چەک و تفاقێکى زۆرى سوپاى عێراق، بە شێوەیەکى دڕندانە پەلامارى قەزاى شنگالیدا کێڵ، ژن، پیاو و منداڵانى شنگالى خەڵتانى خوێن کرد، داعش هەموو کردەوەیەکى تیرۆریستى تاقیکردەوە بەرامبەر شنگالییەکان و کوردانى ئێزدى. گوتیشى: لە بەرواری 13ى تشرینى دووەمى ساڵى 2015 هێزەکانى پێشمەرگە، بە بەشدارى 7 هەزار و 500پێشمەرگە بە سەرپەرشتى راستەوخۆى سەرۆک بارزانى و پاڵپشتى فڕۆکە جەنگییەکانى هاوپەیمانێتى دژى داعش ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەى شنگال دەستپێکرد، لە ماوەى شەو و ڕۆژێکدا شنگال لە داعش ڕزگار کرا، لە ئۆپەراسیۆنەکە زیاتر لە 100 تیرۆریستى داعش کوژران و سەدانى دیکەش بریندار بوون.

ئەو فەرماندەیەى هێزەکانى پێشمەرگە نیگەرانە لەوەى دواى داعش تا ئێستا دۆخەکە ئاسایى نەبووەتەوە و بوونى ژمارەیەکى زۆر لە گرووپى چەکدار لە شنگال بە هۆکارى سەرەکى نائارامى دەزانێت و دەڵێت: پێشمەرگە بە خوێن و هەوڵ و دەستى خۆى شنگالى لە داعش ڕزگار کردووە و ئەو چەکدارە نادەستوورییانەى لە سنوورەکەن دەبێت ڕێز لە خواستى ڕەواى خەڵکى سنوورەکە بگرن، ئاشکرایە ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە، شنگال کۆنترۆڵ نەدەکرایەوە بەو گرووپانەى لە ئێستادا بوونەتە سەرئێشە بۆ ناوچەکە.

حوسێن قاییدى: هێشتا چارەنووسى دوو هەزار و 908 کوردى ئێزدى ناڕوونە

بەرپرسى نووسینگەى ڕزگارکردنى ڕفێندراوانى ژێردەستى داعش، حوسێن کۆڕۆ قاییدى ڕایگەیاندووە: لەئابى ساڵى 2014 لە شەو و ڕۆژێکدا زیاترلە هەزار و 293 ژن و پیاوى کوژران و 6 هەزار و 417 کوردى ئێزدى لەلایەن داعشەوە ڕفێندران، تا ئێستا لەلایەن نووسینگەکەمان کە لەلایەن ڕێزدار سەرۆکى هەرێمى کوردستان نێچیرڤان بارزانى پاڵپشتى دەکرێت مەبەستى ڕزگار کردنى ئێزدى لە چنگ داعش 3هەزار و 509کەسمان لە دەستى داعش ڕزگار کردووە کە هەزار و 192 کەسیان ئافرەت و هەروەها هەزار و 33 کچى خوار 18 ساڵ و 947 منداڵى کوڕن لە نێو ڕزگاربووانیشدا 337 پیاو هەبوون.

2745 منداڵى بێ دایک و باوکمان هەیە

حوسێن قاییدى لەبارەى ئامارى ئەو ئێزدییانەى کە ماوەى پێنج ساڵە بێسەروشوێن گوتى: 2 هەزار و 908 کەس کە داعش لە 2014 ڕفاندبوونى تا ئێستا بێسەروشوێنن. لەو ژمارەیەش هەزار و 323 ئافرەت و هەزار و 585 کەسیان لە ڕەگەزى نێرن، هەوڵەکانى نووسینگەى ڕزگارکردنى ڕفێندراوانى ژێردەستى داعش بۆ ڕزگارکردنى ئەو ژێردەستانەى داعش و بێسەروشوێنانە بەردەوام دەبێت. قاییدى گوتیشى: کۆى گشتى ژمارەى کوردانى ئێزدى لە عێراق 550 هەزار کەسن، بەهۆى شەڕى داعشەوە 360 هەزار کەس ئاوارەن لە نێو کەمپەکانى سنوورى پارێزگاى دهۆک نیشتەجێن و زیاتر لە 100 هەزار کەسیش پەنابەرى وڵاتانن. بەرپرسى نووسینگەى ڕزگارکردنى ڕفێندراوانى ژێردەستى داعش ژمارەى ئەو منداڵانەى ئاشکراشى کرد کە ماوەى پێنج ساڵە بێ دایک و باوکن و گوتى: 2 هەزار و 745 منداڵى بێ دایک و باوکمان هەیە. حوسێن کۆڕۆ قاییدى ڕووى قسەکانى دەکاتە حکوومەتى عێراق و دەڵێت: حکوومەتى عێراق لە کەیسى ڕزگارکردنى کوردانى ئێزدى لە چنگ داعش هیچ هاوکار نەبووە، ئەوەى تا ئێستا ڕزگارمان کردووە هەموو بە هەوڵ و ماندوو بوونى حکوومەتى هەرێمى کوردستان بووە.



هەڵگرتنەوەی رووفاتی 171 ئەنفالکراو لە موسەننا



سەرچاوەیەکی سەربازی لە عێراق رایگەیاند، لەو گۆڕە بە کۆمەڵەیەی کە بەم دواییانە لە سنووری شاری موسەننا باشووری عێراق دۆزرایەوە تا ئێستا رووفاتی 171 قوربانی هەڵگیراونەتەوە. ئەفسەر لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی رافیدێن، ملازمی یەکەم، حاکم ئەسەدی دەڵێت: هەوڵ و کارەکانی تیمی هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال لەو گۆڕە بەکۆمەڵە بەردەوامە کە بەم دواییانە لە ناوچەیەکی بیابانی پارێزگای موسەننا دۆزرایەوە. حاکم ئەسەدی گوتیشی: تا ئێستا، رووفاتی 171 قوربانی لەنێو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەیە لە لایەن تیمی هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال هەڵگیراونەتەوە. ملازمی یەکەم، حاکم ئەسەدی باسی لەوەشکرد، هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە قوربانیانی نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە لایەن رژێمی پێشووەوە گوللەباران و زیندەچاڵکراون. هەروەها لە گفتوگۆیەکیشدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، عەبدوڵای حاجی مەحمود وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکوومەتی هەرێم، رایگەیاندووە: ڕووفاتەکان براون بۆ بەغدا بۆ پشکنین. ئەوەشی گوتووە: گومان بکرێت قوربانیەکان خەڵکی هەر ناوچەیەک بن، سمپڵی خوێن لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە وەردەگیرێت، تا ناسنامەی قوربانیەکان بزانرێت. وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ئاماژەی بەوەش کردووە هەرچەندە شایەتحاڵ هەیە کە گوایە قوربانیەکان خەڵکی ناوچەی گەرمیان بن، بەڵام ئەو مەسەلە تەنها لەرێگەی پشکنینەوە یەکلایی دەکرێتەوە. عەبدوڵای حاجی مەحمود، ڕوونیشیکردۆتەوە کەوا گۆڕی تری بە کۆمەڵ لەناوچەکەدا بوونیان هەیە و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەردەوامیان دەبێت.



ئیسماعیل بێشکچی و ئیبراهیم گوربوز

سەبارەت بە ئەنفالکردنی بارزانییەکان پەیامێکیان بڵاوکردەوە

ئومێدمان زۆرە بەوەی کورد لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بێت تا دەگاتە ئاواتەکانی بە پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی

لە 31ی تەموزی 1983 گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا دووچاری قێزەونترین تاوانی کۆمەڵکوژی بووەوە

ئیسماعیل بێشکچی، ڕۆشنبیر و گەورە نووسەری تورک و هەروەها دۆستی گەلی کوردستان، لە پەیامێکی هاوبەشدا لەگەڵ ئیبراهیم گوربوز، سەرۆکی وەقفی بێشکچی سەبارەت بە ئەنفالکردنی کورد، دەڵێن: لە 31ی تەموزی 1983 گەلی کورد لە باشووری کوردستان تووشی یەکێک لە قێزەونترین تاوانی کۆمەڵکوژی بووەوە لە دژی مرۆڤایەتی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، لە پەیامەکەدا هاتووشە: سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانە و ڕەفتارەکانی جینۆساید هێشتا ئومێدمان زۆرە بەوەی کورد لە خەباتی چەکداری و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بێت تا دەگاتە ئاستی هێنانەدی هەموو هیوا و ئاواتەکانی بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

لە 31ی تەموزی 1983 گەلی کورد لە باشووری کوردستان تووشی یەکێک لە قێزەونترین تاوانی کۆمەڵکوژی بووەوە لە دژی مرۆڤایەتی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، کاتێک ئەم حکوومەتە هەشت هەزار کورد و پیاوی بارزانی لە تەمەنی 8 تا 70 ساڵ، لەبەرچاوی خانەوادەکانی خۆیان لەم ناوچەیە بەزۆر بەرەو بیابانەکانی باشووری عێراق ڕاگواست و چارەنووسیان لەنێوان کوژران و زیندەبەچاڵکردن بوو.

هەروەها مێژووی 16ی ئادارای 1988یش ڕۆژێکی زۆر ناخۆش و قێزەونە لە مێژووی کورد، لەو ڕۆژەدا هاوشێوەی هۆڵۆکۆست کورد تووشی کوشتاری بە کۆمەڵ بووەوە، هەروەها لە هەمان چوارچێوەی هەمان پلانی ئەم ڕژێمە بۆ لەناوبردن و جینۆسایدکردنی کورد و لە هەمان ساڵیشدا 182 هەزار کورد جینۆسایدکران.

ئەم قۆناغە یەکێک بوو لە ناخۆشترین و سەختترین قۆناغەکانی مێژووی کوردستان بە گشتی و بارزان بەتایبەتی، ئەو تاوانانەش کە لە دژی گەلی کورد ئەنجامدران بە پرۆسەی ئەنفال ناونران، واتا بەناوی سوورەتێکی قورئان ئەو مێللەتە تاوانی کۆمەڵکوژی لە دژی ئەنجامدرا، بۆ پەردەپۆشکردنی ڕەفتارەکانی ئەم ڕژێمە، بێگومانیشم لەوەی کاریگەرییەکانی ئەم تاوانانە هێشتا بەسەر گەلی کورد دا ماون و جیهانیش لەئاست ئەم تاوانانە بێ دەنگە.

بە خەم و کەسەرێکی قوربڵەوە، ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژی لە دژی گەلی کورد دەکرێتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانە و ڕەفتارەکانی جینۆساید هێشتا ئومێدمان زۆرە بەوەی کورد لە خەباتی چەکداری و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بێت تا دەگاتە ئاستی هێنانەدی هەموو هیوا و ئاواتەکانی بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی.

بێگومان لەم ڕۆژەشدا ئەو شەهیدانە لەیاد ناکەین کە گیانی خۆیان لە ڕێبازی کوردایەتی و بەرگریکردن لە خاک و نیشتیمان بەختکرد و بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە یادیان دەکەینەوە.

1ی ئەگستۆسی 2019
ئیسماعیل بێشکچی
ئیبراهیم گوربوز

لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان:

سەردانەکەی شاندی هەرێم بۆ بەغدا دەرەنجامی باشی لێکەوتەوە



سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی کوردستان ڕای دەگەیەنێت، سەردان و دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دووریی نێوان هەردوولا نزیک دەکاتەوە. ڕێبوار بابکەیی، سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: جگە لە گفتوگۆ و دیپلۆماسییەت، هیچ ئامرازێک بۆ چارەسەری کێشە هەڵناسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نییە، سەردانەکەی کاک مەسرور و شاندی هەرێم بۆ بەغدا دەرەنجامی باشی لێ کەوتەوە و یەک لەوانە دروستکردنی لێژنەی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە هەنووکەییەکان و بەتایبەت دۆسیەی نەوت و غاز، داریی و ناوچە دابڕێنراوەکان بەرەوپێشچوونی باشیان هەبووە. سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان پێی وایە سەردانی جاری داهاتووی شاندی هەرێم بۆ بەغدا، یان پێچەوانەکەی دووریی نێوان هەردوولا نزیک دەکاتەوە و دواجار لێکتێگەیشتنی باش دروست دەکات. گوتیشی: لە ئەنجامی زنجیرە دانیشتنەکانی هەردولا، یان ڕێککەوتنی سیاسی یان لێکتێگەیشتن بۆ قسەکردن لەسەر میکانیزمی چارەسەری پرسەکان دەکرێت.

هاوسەرۆکی هەدەپە:

تورکیا دەیەوێت پەنابەرە سووریییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان نیشتەجێ بکات



K24/هاوسەرۆکی هەدەپە دەڵێت، تورکیا دەیەوێت لە ژێر ناوی ناوچەی ئارام، ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکات. لە کۆنفرانسێکی تایبەتی هەدەپە لە دیاربەکر، سزای تەمەلی، هاوسەرۆکی هەدەپە چەند لێدوانێکی نوێی لەبارەی ڕەوشی سووریا دا و ڕایگەیاند: سەرەتا حکوومەتی تورکیا، پەنابەرانی سووریای لە دژی ئەوروپا بەکار دەهێنا، بەڵام ئێستا دەیەوێت ئەو پەنابەرانە بگەڕێنێتەوە سووریا و لەسەر خاکی کوردەکان نیشتەجێیان بکات. ڕاشیگەیاند: ئەو ناوچە ئارامەی تورکیا دەیەوێت لە سووریا دروستی بکات، ئامانج لێی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان و گواستنەوەی پەنابەرە سووریەکانە بۆی. وەزیری دەرەوەی تورکیا لە دوایین لێدوانی لەبارەی "ناوچەی ئارام" لە سووریا ڕایگەیاندووە، ئەگەر لەگەڵ ئەمەریکا نەگەنە ڕێککەوتن، تورکیا خۆی "ناوچەیەکی ئارام" لە سووریا دروست دەکات. ناوچە ئارامەکەی تورکیا، بە درێژایی 32 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت و ئامانج لێی، بە قسەی بەرپرسانی تورکیا، "نەهێشتنی مەترسییەکانی یەپەگە" یە.



نەینەوا.. دەستگیرکردنی گەورە تیرۆریستێکی داعش

وەزارەتی بەرگری عێراق ڕایگەیاند کە گەورە تیرۆریستێکی ڕێکخراوی داعش لە سنووری پارێزگای نەینەوا دەستگیرکراوە. بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازیی سەربە فیرقەی 20 و بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی لیوای پیادەی 60دا، گەورە تیرۆریستێکی داعشیا بە ناوی، عەبدوڵلا جونابی لە کۆمەڵگەی حەمدانییە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا دەستگیر کردووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەستگیرکراوەکە پێشتر بە ناو یاریدەدەری والی جەزیرە لە هۆبەی هەواڵگری سەربازیی فیرقەی 20 و بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی لیوای پیادەی 60دا، گەورە تیرۆریستێکی داعشیا بە ناوی، عەبدوڵلا جونابی لە کۆمەڵگەی حەمدانییە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا دەستگیر کردووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەستگیرکراوەکە پێشتر بە ناو یاریدەدەری والی جەزیرە لە سەردەمی داعشدا کاری کردووە و لە ڕێگەی ئەو پۆستەوە ئەرکی ڕێکخستنی هێرشەکانی داعشی لە ناوچەکە بەڕێوە بردووە. هەروەها ئەو تیرۆریستە ئەرکی ڕاسپاردنی ماڵی تاوانی بە داعش و دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی داعشدا لە ئەستۆ بووە.

سەرچاوەکانی هەواڵگری سەربازی ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستگیرکراوەکە ڕۆڵی گرنگی لە ڕاسپاردنی ئەرکی تیرۆریستی و ڕێکخستنی هێرشەکانی داعش لە ناوچەکە هەبووە.

داوا دەکرێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە قەرەقۆش و بەرتلە



نوێنەرێکی مەسیحییەکان باس لەوە دەکات، کە داوایان کردووە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچە مەسیحینشینەکانی سنووری دەشتی نەینەوا. وەحیدە یاقۆ، ئەندامی ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشوری و پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند، مەسیحییەکان ڕۆڵیان هەیە لەناو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە. وەحیدە یاقۆ هەروەها ڕایگەیاند، کە داوایان کردووە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچە مەسیحینشینەکانی قەرەقۆش و بەرتلە، ''بەڵام بەداخەوە حکوومەتی عێراق ڕێگا نادات هێزی مەسیحییەکان بچنەوە ئەو دوو ناوچەیە .''ئەو نوێنەرەی مەسیحییەکان ئاماژەی بەوەش کرد، کە ئێستا میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کە میلیشیای تائیفی و توندڕەون، لە ناوچە مەسیحینشینەکانی دەشتی نەینەوا جێگیر کراون. وەحیدە یاقۆ جەختی لە گرنگیی پاراستنی ناوچە مەسیحینشینەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی مەسیحی بگەڕێتەوە ناوچەکان کردەوە و ڕایگەیاند، ''دەبێ هێزی مەسیحییەکان، کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، بگەڕێتەوە بەرتلە و قەرەقۆش .''

لە هۆڵەندا نیقاب قەدەغەکرا

سەرپێچیکارانی بڕیارەکە بە بڕی 150 یۆرۆ سزا دەدرێن





ساسان دەرویش/هۆڵەندا:

یاسای قەدەغەکردنی نیقاب لە هۆڵەندا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەمەش دوای ئەوەی کە بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتە پڕۆژە یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی نیقاب پەسەند کرا. پڕۆژەکە 14 ساڵ لەمەوبەر وەک پڕۆژە یاسایەک پێشکەشکراوە و لەوکاتەوە گفتوگۆی زۆریشی لەبارەوە کرا، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی هۆڵەنداش بۆچوونی وایە مرۆڤ پێویستە لە شوێنە گشتییەکان دەموچاوی دیار بێت، ئەم بۆچوونە بووە هۆی ئەوەی پرسی قەدەغەکردنی نیقاب دەنگدانەوەی هەبێت و سەرئەنجامیش ناوی هۆڵەندا چووە نێو ریزبەندی وڵاتانی ترى ئەورووپا کە نیقابیان لە ئافرەتانی موسڵمان قەدەغەکردووە. لە ئێستاشدا ئەم بڕیارە بووەتە باسێکی گەرمی نێو خەڵک و میدیاکاران و لێکدانەوەی جیاوازیشی دەکرێت.

ڕۆژی پێنجشەممە 1ی ئابی 2019 وەزارەتی ناوخۆی هۆڵەندا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لەو بەرواردە نیقابی ئافرەتانی موسڵمانان لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە دەکرێت، بەتایبەتی لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و هۆکارەکانی ترى وەک گواستنەوە و فەرمانگەکانی حکوومەت و بازارە گشتییەکانی وڵات، وەزارەتی ناوخۆی هۆڵەندا داوای لە هاوواڵتیانی وڵاتەکە کردووە کە لەکاتی بینینی هەر کەسێک کە نیقاب بکات، ئاگاداری پۆلیس و پیاوانی دەوڵەت بکەنەوە بۆ دەستگیرکردنی سەرپێچیکاران و سزادانیان.

بەگوێرەی بڕیارەکەش هەر کەسێک پابەند نەبێت و نیقاب بکات، بە بڕی 150 یۆرۆ سزا دەدرێت، ئەمەش لە دوای ئەوە دێت لە ساڵی 2011وە بەلژیکا و فەرەنسا، نیقاب قەدەغەکراوە و لە چەند وڵاتێکی ترى ئەورووپاش پرۆژە یاسای لەمجۆرە لە گفتوگۆدان و بەشێکی کەمی پارتەکان و خەڵک و ڕۆشنبیرانیش بە باشی نازانن کە لەگەڵ ئەوە دانین بەمشێوەیە ڕەفتار بکرێت، ئەمەش لەبەر پەرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤ لە وڵاتەکانیان، لە بەرانبەردا دەوڵەت دەڵێت هەموو بوونەوەرێک لەژێر ئەو پەردەیەدا دەتوانێت هەموو شتێک بکات، بۆیە دەبێت لە شوێنە گشتییەکان بۆ سەلامەتی هاوواڵتیانمان کەسەکان دەموچاویان ئاشکرا بێت و گوشارێکی زۆری چەند پارت و ڕێکخراوێک بەهۆی ئەوەی بەشێکی دەسەڵاتیان لایە وەک ئۆپۆزسیۆن و تۆندڕەو دژ بە ئیسلام و بێگانەکان، لە ئێستادا حزبگەلێک بە ئاشکرا کار دەکەن و گوشار لەسەر وڵاتەکانیان دروست دەکەن بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی ئیسلامی ئیسلامی و کولتووری نامۆ بە وڵاتەکانیان، هەندێجاریش بووەتە دروشمی زەقی هەڵبژاردنەکان دژی هەموو پۆشینێکی لەو بابەتانە بە بیانووی ئەوەی لەژێر پۆشینی ئەم پەچەیە ئەورووپا و هۆڵەندا باجی گەورەیان داوە بەدەست تیرۆریستان و دەربازبوونیان لە دەسەڵات کە نەزانراوە کێن و لە کۆێ گیرساونەتەوە! هۆڵەندا وەک وڵاتێکی دیموکراس و کراوە، چەندان نەتەوە و ئایینی جیاوازی تێدایە، بە تایبەتی موسڵمانانی ئاسیا و ئەفریکا بە فەرمی ڕێگەیان پێدراوە پەیڕەوی ئایینی خۆیان بکەن و خاوەنی چەندین مزگەوت و شوێنی فێربوونی قورئانخوێندنن، بەڵام تیرۆریستان لەژێر ناوی ئەوان پیلانەکانیان جێبەجێدەکەن و بوونەتە هەڕەشە و دەوڵەتیش ڕێگای تۆند و یاسایی دەگرێتە بەر بۆ سەلامەتی و ئارامی هاوواڵتییەکانی.

سەرنج: کاریکاتێرەکە لە ڕۆژنامەی تەلگرافی هۆڵەندی وەرگیراوە.

میدیاکانی ئەمەریکا:

زەریف بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ترەمپ بانگهێشتی کۆشکی سپی کراوە



بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە لە میانی سەردانەکەیدا بۆ نیویۆرک وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف بانگهێشتی کۆشکی سپی کراوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ. گۆڤاری New Yorker ئەمەریکی لە هەواڵێکدا بە پشتبەستن بە دیپلۆماتکارە ئێرانی و ئەمەریکییەکان ڕایگەیاند، زەریف لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ نیویۆرک بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن سیناتۆری کۆماری نزیک لە ترەمپ، ڕاند پاوڵ بۆ کۆشکی سپی بانگهێشت کراوە. پاوڵ و دۆوگ ستافۆردی ڕاوێژکاری لە 15ی تەموز بە ئاگاداری ترەمپ لە نووسینگەی نوێنەرایەتی هەمیشەیی ئێران لە نیویۆرک لەگەڵ زەریف کۆبوونەتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی کێشەکان کراوە لە سەرووبەندی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و گرژییەکانی کەنداو.

پێشنیاری کردنە یاسای فتواکەی خامنەیی

لە کۆبوونەوەکەدا زەریف ژمارەیەک پێشنیاری خستۆتە بەردەم سیناتۆرە ئەمەریکییەکە وەک کردنە یاسای فتوای ڕابەری ئێران، عەلی خامنەیی لە 2003 و 2010 کە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی قەدەغە دەکات لە پەرلەمان و دەنگدان لەسەری. پاوڵیش لای خۆیەوە داوای لە زەریف کردووە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پێشنیارەکان بخاتە بەردەم ترەمپ لە نووسینگەی ئۆڤاڵ، سەردانی کۆشکی سپی بکات. زەریف نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕیووە کە سەردانەکە تەنها وێنەگرتن بێت و هیچ ئەنجامێکی نەبێت. زەریف ئاماژەی بەوە داوە کە بە تەنها ناتوانێت وەلامی بانگهێشتەکە بداتەوە و پێویستی بە ڕاوێژە لەگەڵ تاران.

تاران ڕەزامەندی نیشان نەدا بۆ کۆبوونەوەکە

بەپێی زانیارییەکانی ئەو دیپلۆماتکارانە، دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سیناتۆرەکە، زەریف ئەو داواکارییەی بە بەرپرسانی ئێرانی گەیاندووە بەڵام ڕەزامەندییان نەداوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ترەمپ لەم قۆناغەدا.

ڕووسیا:

ئەمەریکا بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامداوە




وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە ئەمەریکا بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی مەودا ناوەندی هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامداوە. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوە نووسراوەی لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا بڵاوکراوەتەوە، ڕەخنە لە کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی مەودا ناوەند گیراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە "ئەمەریکا، بە ئەنقەست لەبارەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی مەودا ناوەند قەیرانێکی گەورەی دروستکردووە، ئەمەریکا ویستی لە سنووردارییەکانی ئەو ڕێککەوتنە رزگاری ببێت. ئەمەریکا بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی مەودا ناوەندی هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامداوە". هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خرایەڕوو کە ئەمەریکا پەیڕەوکردنی سیاسەتی تێکدانی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی گرتووەتەبەر و ڕاشگەیەندرا "هەڵوەشاندنەوەی سیستەکی کۆنترۆڵکردنی چەک دەکاتەوە".

چین بۆ ئەمەریکا: ئامادەی گفتوگۆ و ئامادەی جەنگیشین




نوێنەری هەمیشەیی چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ژانگ جون سەبارەت بە "جەنگی بازرگانیی" نێوان ئەمەریکا و وڵاتەکەی، ڕایگەیاند: ئەمەریکا بیەوێت گفتوگۆ بکات، گفتوگۆ دەکەین، بیەوێت بجەنگێت دەجەنگین. ژانگ جون لە ناوەندی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە "جەنگی بازرگانیی" نێوان چین و ئەمەریکا ڕوونکردنەوەی دایە ڕۆژنامەوانان. جون باسی لەوەکرد بەمەبەستی پاراستنی مافەکانیان، چین هەموو جۆرە ڕێکارێک دەگرێتە بەر و ڕایگەیاند: ئەمەریکا بیەوێت گفتوگۆ بکات، گفتوگۆ دەکەین، بیەوێت بجەنگێت دەجەنگین. ژانگ جەختی لەوەش کردەوە پێگەی چین دیارە و داوای لە ئەمەریکا کرد سەبارەت بە گرژییەکان لەبواری بازرگانییدا بگەڕێتەوە سەر ڕێگای دروست بۆ ئەوەی چارەسەری دروست لەڕێگای دروستەوە بدۆزرێتەوە.

کاکەمین نەجار: بە یەکگرتوویی و پێکەوەیی دەتوانین دەسکەوتی گەورە بەدەستبێنین



ڕۆژی پێنج شەممە 1/8/2019 شاندێکی سەرکردایەتی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و ئەندامانی ئەنجومەن سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی بنیادی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شێخ عەبدولڵا سکرتێری پارتی بنیاد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکرایەتی بە گەرمی پێشوازی کران. لە دانیشتنێکدا ڕەوشی ئێستای کوردستان و ناوچەکە خرایە بەرباس و کاکەمین نەجار ئاماژەی بە دۆخی ئێستای کوردستان کرد و ڕایگەیاند: دوای پێکهێنانی حکومەت و بەشداری فراوانی لایەنە سیاسیەکان دۆخی ناوخۆی کوردستان ئارام و سەقامگیرە و هاوڵاتیان بە ئومێدەوە لە ئایندە دەروانن. لە بەشێکی تری وتەکانی کاکەمین نەجار ئاماژەی بە کارنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد لە چوار ساڵی داهاتوو کە پارتی ئامانجیەتی هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکان چ ئەوانەی لە ناو حکومەت یا ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەت خۆیان بە خاوەنی حکومەت و دەسکەوتەکان بزانن چونکە مێژوو ئەم ڕاستییەی سەلماندووە لە کۆی کورد یەکگرتوو یەک دەنگ بووبێت ئەوا لەوێ سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە. دواتر تەئکید لە پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی بنیادی دیموکراتی کوردستان کرایەوە.

پارتی ئازادیی کوردستان: سەقامگیریی ئاسایشی کوردستان و هەوڵێر جێگای شانازیی هەموو کوردێکە



بۆ بایەخدان بەپەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان باکور، عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە قاسم ئەرگون جێگری سەرۆکی گشتی پارتی ئازادیی کوردستان لە باکور pak و شاندێکی یاوەری کرد.

لەدیدارێکدا ڕەوشی ناوچەکەو پرۆسەی سیاسی لە باکورو تورکیا بەگشتی باسی لێوەکرا، هەرلەو دیدارەدا شاندی میوان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، هاوکات باسیان لە سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان و شاری هەولێر کرد کە بوەتە جێگای شانازی بۆ هەموو کوردێک. هەروەها باس لەهەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو هەنگاونان بۆ پاراستنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و تایبەتمەندی واقیعی سیاسی لە هەر پارچەیەک کرا، هەروەها شاندی میوان تەئکیدیان کردەوە ڕێبازی بارزانی ڕێبازی کوردایەتی و نەتەوەیی مەیە شانازی بەم برایەتییە دەکەین، لە کۆتایی دیدارەکەدا عەلی حسێن هەڵوێست و ڕۆڵی هەموو ئەو کەسایەتی و پارتە نەتەوەیی نیشتمانیانەی کە خەبات بۆ گەلەکەی دەکات و خزمەت بەپرۆسەی دیموکراسی و ئاشتی برایەتی دەکات بەرز نرخاند.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبێت سەید محەمەد سەید تەها پیرخدر

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچیی دوایی سەید محەمەد سەید تەها پیرخدر-مان پێگەیشت .

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوا لێیخۆشبێت بە بەهەشت شاد بکات و سەبووری و ئارامیش بەئێوە ببەخشێت

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی

ژنە حاجیەکی کورد لە شاری مەککە کۆچی دوایی کرد

خەبات- حەمە ئەحمەد جاف- مەککەی پیرۆز: ڕۆژی چوارشەمە 2019/7/31 لە شاری مەککەی پیرۆز یەکەم ژنەحاجی کورد بە ناوی سرمێ ڕەمەزان یوسف زاخێیی کۆچی دوایی کرد. سەرچاوەیەکی بەرپرس لە تیمی ڕاگەیاندنی حەجی کوردستان بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: حاجی سرمێ ڕەمەزان لەگەڵ کوڕەکەیدا لەکاتی سەردانیکردنی بەیتی پیرۆز لەناو حەرەمدا کۆچی دوایی کردووە. بەپێی وتەی سەرچاوە بەرپرسەکە، لە گۆڕستانی حاجییان لە شاری مەککەی پیرۆز نێژراوە.

وەزیری ئەوقاف: حوجرەکان بەشێکن لە شارستانیەت و مێژووی پڕشانازیی کوردستان



لەمزگەوتی شوهەدای شاری هەولێر، حوجرەی مەلا عبدالکریم مودەریس بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی د. عبدالله گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی سید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر و مامۆستایانی ئایینی و مێوانان و کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئایینی مەراسیمی پێدانی ئیجازەی عیلمی بۆ مامۆستا مەلا عبدالله بیلال زراری بەڕێوەچوو، سەرەتای مەراسیمەکە بەچەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر وەزیری ئەوقاف لە وتەیەکدا گوتی: وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە زۆر گرنگە کەجێگەی شانازییە بۆ هەموو لایەک.

هەروەها گوتی: بەرنامەی چوا ساڵی داهاتووی وەزارەتی ئەوقاف پڕبەتی لە پڕۆژەی گرنگی پڕ کارو خزمەت. دواتر بەچەندین سرودی ئایینی کۆتایی بەمەراسیمەکە هات.

هەروەها تەئکیدی کردەوە کە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی وەزارەتی ئەوقاف پڕبەتی لە پڕۆژەی گرنگی پڕ کارو خزمەت. دواتر وەزیری ئەوقاف لە وتەیەکدا گوتی: وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە زۆر گرنگە کەجێگەی شانازییە بۆ هەموو لایەک.

هەروەها گوتی: بەرنامەی چوا ساڵی داهاتووی وەزارەتی ئەوقاف پڕبەتی لە پڕۆژەی گرنگی پڕ کارو خزمەت. دواتر بەچەندین سرودی ئایینی کۆتایی بەمەراسیمەکە هات.

لە دوای دوو هەفتە خولێکی ڕۆشنبیریی لقی 16 کۆتاییهات



لەپێناو زیاتر گرنگیدان بەبەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاو پێشخستنی توانای چین و تویژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستان لەگشت بوارەکاندا، بە چاودێری بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لەکارگێڕانی لق و ستافی لێژنە ناوچەی بنەسلاوە و بەرپرسانی حزبی و حکومی سنوورەکەو بەشداربووانی خولەکە لەقەزای دەشتی هەولێر لەمەراسیمێکی جوان و شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی بنەسلاوە بۆ ژمارەیەک لە لاوانی سنوورەکە کردبوویەوە. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بڵند ئیسماعیل وێڕای دەستخۆشی، هیوای سەرکەوتنی بۆ بەشداربووانی خولەکە خواست و ئاماژەی بەگرنگی ئەو جۆرە خولانە کرد کە دەبنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ زیاتر بەرز کردنەوەی توانای بەشداربووانیان و ئومێدی خواست ئەوەی لەخولەکەدا فێری بوونە لەژیان و کاری ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن. لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسی لقی16ای هەولێرو بەرپرسانی ئامادەبووەوە بڕوانامەی دەرچوون بەخشرایە بەشداربووانی خولەکە و جێگەی ئاماژە بۆکردنە خولەکە ماوەی دوو هەفتەی خایاند و لەو ماوەیەدا چەندین وانەی بەپێز لەلایەن کەسانی ئەکادیمی و شارەزا وتراوەتەوە.

پڕۆژەی ڕووپۆشکردنی سەرچاوەی ئاوی بڵۆ جێبەجێکرا



مسلم دزلەمەری- بارزان: کانی سارک کە سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی شارۆچکەی بلێیە و چەندین ساڵە بەهۆی نەبوونی سەرپۆشێک و حەوزێکی کۆنکریتی باش بەتایبەتی لە وەرزی زستان توشی پەککەوتن و گرفتی جۆراوجۆر دەبوو، بەمەش دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە زۆربەی جاران گلەیی بێئاوی و ئاوی سازگاریان دەکرد، بەلام خۆشبەختانە بە هەوڵی ئەندازیار زیاب بارزانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی بارزان ئەم گرفتە چارەسەرکرا، سەبارەت بەم پڕۆژەیەش تایبەت بۆخەبات گوتی: ئاوی کانی سارک کە سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی شارۆچکەی بلێیە چەندین ساڵە گرفتی زۆری هەیە ئەویش بەهۆی نەبونی حەوزێکی کۆنکریت کە کانیاوەکە بپارێت لە تێکەڵبوونی بە ئاوی ڕووبار کە نزیکە لە ڕووبارەوە بەتایبەتی لە وەرزی زستان کە زۆرجار کانیاوەکە ژێرئاوی ڕووبارەکە دەکەوت و بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ شارۆچکەکە بێئاو دەبوو، بەلام خۆشبەختانە بە پڕۆژەیەکی باش حەوزە کۆنکریتەکە جێبەجی کرا، هەروەها بە هەوڵی کۆمپانیای ئارگەی، کە پڕۆژەیەکی فراوانی ئاو لە دەقەری بارزان جێبەجێدەکات، توانیمان پڕۆژەی ڕۆپۆشکردنی حەوزەکەش تەواو بکەین و بەمەش دەتوانین ئاوێکی پاک و بێ مەترسی پێشکەشی هاوڵاتیانمان بکەین.

قۆناغەکانی دروستکردنی وێستگەی هایدرۆپاوەری دێرەلۆک تاوتوێکرا

بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە چونیەتی بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانی پڕۆژەی دیلەلۆک، ئەندازیار کەمال محەمەد وەزیری کارەبا لە وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی دێرەلۆکی کۆڵیەوەو لەگەڵ تیمی جێبەجێکارو کۆمپانیای کۆنتراکتەر و ڕاوێژکاری پڕۆژەکە کۆبوونەوەیەدا کە بەرپرسانی کۆمپانیای فارابی ئێرانی و و کۆمپانیای ڕاوێژکاری ELC ئیتاڵی و بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی کارەبا ئامادەبوون، وەزیری کارەبا گوێبیستی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان و گرفت و کێشە تەکنیکیانەی پڕۆژەکە بوو، داواشی لێکردن هەموو توانای خۆیان بخەنەگەڕ لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە بەسەرکەوتوویی و پابەندی هەموو ڕێنمایی و مەرجەکانی گرێبەستەکە بن و ئامادەیی وەزارەتیشی دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی هەموو کار ئاسانی و هاوکاریەک. لەلایەن خۆشیانەوە بەرپرسان و ئەندازیارانی هەردوو کۆمپانیا بێتخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو ئاسانکاری و هەماهەنگیەی نێوانیان لەگەڵ وەزارەتی کارەبا و ئومێدیان خواست لەداهاتوودا ببێتە هۆکاری زاڵبوون بەسەر هەموو ئەو گرفت و کێشە تەکنیکیانەی دێتە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

وێستگەی هایدرۆپاوەرو بەنداوی دێرەلۆک بەدوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت و دامەزراندنی وێستگەیەکی 132کەی ڤی و هێڵی دێرەلۆک- سەرسەنگ و فراوانکردنی وێستگەی 132کەی ڤی سەرسەنگ و بەنداوێکی بچووک لەسەر زێی گەورە لەخۆدەگرێت.

13تۆن نۆکی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر - هێزەی ئابوری دەستی بەسەر 13 تۆن نۆکی برژاوی ماوەبەسەرچوو لە بازاڕی شێخەڵلا دا گرت، دوای پشکنین و بەدواداچوون لەلایەن لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ سەر بە قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر دەرکەوت ئەو جۆرە نۆکەی دەستی بەسەرداگیرابوو ماوەی بەسەرچووە و بە کەڵکی خواردن نایەت، بڕیە بڕیادرا بەگواستنەوەی بۆ زبلخانەی کانی قرژاڵە بەشێوەیەکی زانستی ژینگەیی لەناوبردرا و خاوەنەکەشی ڕێکاری یاسای بەرامبەر گیرایەبەر.

موچەی زیاتر لە نۆ هەزار کەمئەندام دەگەڕێتەوە

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، وەزارەتی دارایی بە شێوەی زارەکی ڕەزامەندیی داوە بۆ گەڕاندنەوەی موچەی زیاتر لە نۆ هەزار کەمئەندام و ئێستا سەرقاڵی دانانی میکانیزمێکن بۆ گەڕاندنەوەی موچەکە. فوئاد سدیق، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دوای پێداچوونەوە بە پشکنینی کەمئەندامانداً، وەزارەتی دارایی ڕەزامەندیی داوە بۆ گەڕاندنەوەی موچەی زیاتر لە نۆ هەزار کەمئەندام و هەرکاتێک ڕێکارەکان تەواو بن، موچەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە. فوئاد سدیق گوتیشی: ئێستا سەرقاڵی میکانیزمێکین بۆ ئەوەی موچەی ئەو کەمئەندامانە بگەڕێتەوە و هەرکاتێک تەواو بوو موچەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە، لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی دەرنەچوون لە پشکنین موچەی بەشێک لە کەمئەندامان بڕدرا و دواتر نارەزایەتییان دەربڕی و دووبارە پشکنینیان بۆ کرا و ناوەکانیان ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کرا بۆ ئەوەی موچەیان بۆ بگەڕێتەوە و وەزارەتی دارایییش بە شێوەی زارەکی ڕەزامەندیی لەسەر گەڕاندنەوەی موچەکانیان دەربڕیوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/8/4 ژمارە (5803) | خەبات

رواندز، قەزایەکی مێژوویی و گەشتیاری گرنگ، تا ئێستا چی بۆ کراوە؟

قایمقامی رواندز: پرۆژەی گرنگ بۆ ئەو قەزایە ئەنجامدراوە و هیوامان زۆرە کە کاری باشتریش ئەنجام بدەین



ڕاپۆرت: کەنعان بەهادین

رواندز دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەولێری پایتەخت بە دووری 110کیلۆمەتر لەسەنتەری شارەوە دوورە ، 1500مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە ، لەباشوورەوە چیای کۆرەک هەڵکەوتووە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای هەندرێن ، لەباکورەوە چیای زۆرزان و لە ڕۆژئاواوە چیای برادۆست .. ئەو شارۆچکە گەشتیاری و مێژووییە تاقگەی بەناوبانگی گەلی عەلی بەگی تێدایە ، بێجگە لەهەبوونی دۆڵی خەرەند ، رواندوز بە سۆران دەبەستێتەوە و کە بە سەرنج ڕاکێشترین دۆڵی کوردستان و هەموو عێراق ئەژمار کراوە ، وێڕای هەبوونی تاقگەی بەناوبانگی بێخاڵ و هاوینەهەواری جوندیان ، جگە لە هەبوونی زۆرترین پێگەی گەشتیاری سەرنج ڕاکێش ، ... بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان قەزای رواندز لەسەردەمی ئۆڕاتوویەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین دروست کراوە ، کە ئەوکات پایتەختی دەوڵەتی مەسامیر بووە ، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد ناسراو بە پاشای گەورە لەساڵی 1813تاوەکو 1836رواندووز حوکمی کردووە ، ئەو شارۆچکەیەی کردۆتە پایتەخت و خاوەنی پێگەیەکی سەربازی گرنگ بووە ، کە چەندین جۆر تۆپی دروست کردووە ، وەستا ڕەجەب ئەو پیاوە بەناوبانگە رواندوزیە بووە کە لەو سەردەمدا تۆپی دروست کردووە ..

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران: ساڵانە 700هەزار گەشتیار ڕوو لە رواندز دەکەن





کۆیستان ئەحمەد



بارزان محەمەد

لە ساڵی 1922حوکمڕانی عوسمانییەکان ڕەمزی بەگیان کردۆتە قایمقامی رواندز لەکاتدا کە پێشڤەچوونێکی گەورەی بواری پەروەردەو هونەر و ڕۆشنبیری بەخۆوە بینیوە ، لەساڵی 1923 رواندز خراوەتە سەر لیوای هەولێر ، بەفەرمیش قوتابخانە لەساڵی 1926لەو شارۆچکەیە کرایەوە ، هەر لەو ساڵەش یەکەمین ڕۆژنامە لە رواندووز دەرچوو بەنێوی زاری کرمانجی ، وێرای کردنەوەی کتێبخانەی گشتی لەساڵی 1965 ؟ لەساڵی 1977 کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد دامەزرا کە بووە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە .. لەسەردەمی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بەرچاو بە رواندز دراوە ، لەساڵی 2008کراوەتە قایمقامیەت ، لە ساڵی 2009فەرمانگەی ڕۆشنبیری و لەساڵی 2009پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لێ کراوەتەوە ، .. لەهەڤپەیڤێنێکدا کۆیستان ئەحمەد قایمقامی رواندز بۆ خەبات ڕایگەیاند : پرۆژەیەکی ئێجگار زۆر لە ساڵی 2016دە تاوەکو ئێستا بۆ قەزای رواندز ئەنجامدراوە ، لە کۆنکرێت کردن و دروست کردنی پەڕژینی ئاسن و دروست کردنی ئاوەڕۆ بۆ چەندین گەڕەکی قەزای ناوبراو و هەروەها قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناحیەی وەرتێ کە سەر بە ئیدارەی رواندزە ، وێرای چاککردنەوەو دانانی ڕووناکی بۆ ڕێگاکانی بێخاڵ و گوندی کاولۆکان و هاوینەهەواری فەقیان.

قایمقای رواندز گووتیشی: پرۆژەی ئێجگار گرنگ و باش بۆ رواندز ئەنجام دراوە ، لەوانە گەیاندنی ووزەی کارەبا بۆ وەرتێ و 9گوندی سەر بەو ناحیەیە ، هەروەها چاکردنەوەی وێستگەی مۆبایلی وەرتێ کە ئێستا شوێنێکی گەشتیاری گرنگە ، وێرای چاکردنەوەی تۆڕی کارەبای وەرتێ هەروەها نۆژەنکردنەوەی ئاوی بێخاڵ و گۆڕینی هێڵی سەرەکی 12 گەرەک و دریژ کردنەوەی 200 بۆڕی لەنێو گەڕەکەکانی قەزای ناوبراو و هەروەها دریژ کردنەوەی بۆڕی 140ملم بۆ گەڕەکی بانەزێوک و دانانی غەتاس و ڕاکێشانی 1200مەتر بۆڕی لەحەوزی سەرەکی رواندز بۆ کۆمەڵگەی لاوان و خاوێن کردنەوە و دروست کردنی جۆگەی ئاودێری کۆیستان ئەحمەد قایمقامی رواندز بۆ خەبات گووتی : پرۆژەی دیکەی وەک نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکانی ناو شارۆچکە کە بەهۆی لافاو بارانی ئەمساڵ تێکچووبوو ، وێرای دروست کردنی پردی ڕێزانۆک و ڕەژوو کەریان . قایمقامی رواندز زێتر بۆ خەبات ڕایگەیاند : کۆمەڵێک پرۆژەی دیکە هەن کە لە 2013دراوەتە بەڵێندەر بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ئەو پرۆژانە وەستاون و جێبەجێنەکراون و ئارەزوو دەکەین لە ئایندەیەکی نزیک ئەو پرۆژانە بکەونەوە کار ، لەوانە تەواو کردنی شووقەکانی رواندز کە بۆ کەمدەرامەتان دروست کراوە ، هەروەها دروست کردنی نەخۆشخانەی 50قەرەوێلەیی و قیرتاو کردنی زۆربەی گەرەکەکان و دروست کردنی ئاوەڕۆ ، چەندین پرۆژەی گرنگی دیکە کە بەهیواین لە داهاتوو بکەونەوە ئیش.. هەروەها گووتی: پرۆژەی تانکەرین و دابین کردنی ئاوی خواردنەوە تا ئێستاش بەردەوامە لەسنووری رواندز بۆ ئەو گەرەک و گوندانەی کە کێشەی کەم ئاویان هەیە ، هەروەها پاک کردنەوەی رواندز بەردەوامی هەیە کە لەسەنتەری قەزا و گوندەکانیش لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە ..هەروەها پرۆژەی قیرتاو کردنی مەکێ لەناحیەی وەرتێ ئێستا جێبەجێ دەکرێت ..

لەلایەکی تریشەوە بارزان موحەمەد حاجی بەڕێوەبەری گەشت و گوزاری دەڤەری سۆران بۆ خەبات گووتی : رواندز قەزایەکی گەشتیاری سەر بە پارێزگای هەولێرە، ساڵانە 700هەزار گەشتیار ڕووی تێ دەکەن ، ئێمە وەک گەشت و گوزار چەندین چالاکی و پرۆژەمان لە رواندز ئەنجام داوە لەوانە نووژەنکردنەوەی هاوینە هەواری بێخاڵ بەشێوەیەکی سەردەمیانە و چاکردنەوەی ڕێگەی فەقیان و ئەنجامدانی قیستیقاڵی ساڵانەی خلیسکانێی سەر بەفر لەچیای کۆڕەک و ئەنجامدانی ئاهەنگی نەورۆز و بەڕێوەبردنی چەندین دیبەیت لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەشتیاری و چەندین پرۆژەی گرنگی دیکە کە ئێمە لە گەشت و گوزار زۆر بە گرنگییەوە لەو دەڤەرە دەڕوانین.

شاری ڕۆشنبیریمان هەیە؟

هاوکار کەڵهوڕی

کابینەی نوێی حکوومەت چاوەڕێی بەرنامەیەکی تۆکمەی چاکسازی لێدەکرێ، بەو پێیەی "سەرۆکی حکوومەت" دەسەڵاتێکی زۆری هەیە ، دەتوانێ بناغەیەکی بەهێز بۆ ئایندی کوردستان بنیاتبنێت، ئەوەش ئەرکی حکوومەت و بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئاوەدانکردنەوەی تەواو قورسکردووە، بەڵام هەلومەرج و بارودۆخ زۆر لەبارە بە جێبەجێکردنی چاکسازی و پرۆژەی گرینگ و گەورە.

(شاری ڕۆشنبیری) بریتیە لە چەندین شاری (وەرزشی و هونەری و ئەدەبی و ئابوری و پێشەسازی ....هتد) ، ئەو شارانە پێکدێن لە چەندین ناوچەی تایبەت بە بواردێکی تایبەت .

بۆ نمونە ناوچەیەکی جوگرافی لە نزیک سەنتەری (شارو شارۆچکە)کان دیاریدەکرێت، شاری وەرزشی پێکدێت لە چەندین یاریگای وەرشی وەک (تێنس و تۆپی پێ و تۆپی دەست و تۆپی باسکە و مەلەوانگە و هۆڵی لەشجوانی و پایسکیلسواری) و چەندین یاریگەو شوێنی وەرزشی دیکە، ئەو یاریگایانە تایبەت بکرێت بە ستراتیژی ماوە درێژ (پرۆژەی وەرزشی درێژخایەن) بۆ بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی بواردکانی وەرزش بۆ ساڵانی داهاتوو، کە تێیدا نەوەیەکی بەهێز لە بواڕە تایبەتەکانی وەرزش بنیاتبنرێت و لەداهاتوودا بتوانن دەسکەوتی گەورەو گرینگ لە (پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتی)ەکان بۆ کوردستان بەدەستبێنن .

یان (شاری هونەری) کە ئەویش لە شوێنێکی جوگرافی نزیک شار و شارۆچکەکان بنیاتنرێت و پێکبێت لە هۆڵی سینەما و شوێنی (کۆڕ و کۆبونەوە و هۆڵی شانۆ و دروستکرنی گوند و شاریی مێژوویی)، بۆ بەرهەمی (سینەمایی مێژوویی) و کردنەوەی فیستیڤاڵ و پێشبڕکێی بەرهەمە هونەرییەکان بۆ زیاتر گرینگیدان بە هونەر و بەرە و پێشبردنی ئەو بوارە، چونکە بەهێزترین ڕێگای ناساندنی میللەت و ئاشناکردنی دنیای دەرەوەیە بە (شوناس و مێژوو و خەبات و کولتوور)ی جوانی وڵاتی کوردان، بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە سینەما کورترین ڕێگای گەیاندنی پەیام و ناساندنی کولتووری میللەتانە بە جیهاندا .

دروستکردنی (شاری ئەدەبی)ش پێکدێت لە کۆکردنەوەی چاپخانەکان لە شوێنێکی دیاریکرا و. دروستکردنی (هۆڵی کۆڕی شیعر و ئەدەب) ڕەخساندن و ئاسانکاری بۆ چاپکردن و بەرهەمی ئەدەبی، دەرکردنی چەندین بڵاوکراوەی ئەدەبی وەک (گۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت) بە ئەدەب و دەستگرتن و هاندانی ئەدیب و دۆستان، ئەمەیش وڵات چەندین هەنگاوی زۆر گەورە پێشدەخات و یەکێ لە بناغە هەرە بەهێزەکانی دروستکردنی کوردستانێکی بەهێزە .

دروستکردنی شاری پیشەسازیش لە دەرەوەی شار و شارۆچکەکان دەبێت، کە پێکهاتەکانی شارەکە بریتیە لە (کارگە و کۆمپانیا وبەرهێنەکانی پیشەسازی) و دروستکردن و چاکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازیەکان، هانی لاوان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان بدرێت کە بەرهەمی ناوخۆ بەرهەمبهێنرێت و گرنگی بدرێت بە ژێرخانی پیشەسازی و بنیاتنان و بەهێزکردنی ئەو بوارەیە .

گەر لە ڕووی چەکی سەربازی توانای خۆبەهێزکردنمان نەبێت، دەتوانین لە ڕێگای هێزی مرۆیی ناوخۆوە ژێرخانێکی تۆکمە و بەهێز بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان بنیاتبنێین، ئەوەش ئەرکی لە پێشینەی حکوومەتە تا بتوانێ خزمەتێک بە میژووی خۆی و داهاتووی کوردستان پێشکەش بکات.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/8/4 ژمارە (5803)
خەبات

تا چەند وەزارەتی پەروەردە سوودی لە کۆڵێژی پەروەردەی بنەڕەتی وەرگرتووە؟

ڕاگری کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران بۆ «خەبات»:

61٪ی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە پسپۆڕی خۆیان دەگۆڕن بۆ کوردی و کۆمەڵایەتی



دیمانە/ ڕێشنا عەلی

ماوەی شەش ساڵە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران لە زانکۆی سەلاحەدین بۆمامۆستایانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە کراوەتەوەو تا ئێستاش 6400مامۆستا لەم کۆلێژە دەرچوون و بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان بەدەست هێناوە ، وەزارەتی پەروەردەوە بەردەوام باس لەوە دەکات کەلە پێناو دوو ئامانجی سەرەکی داوای کردووە ئەم کۆلێژە بکرێتەوە ، کە ئەویش بەرزکردنەوەی توانستی زانستی مامۆستایان و زیادکردنی پسپۆڕییە زانستییەکانی وەک زانست و بیرکارییە کە وەزارەتی پەروەردە بەردەوام کێشەی کەمی ئەو پسپۆڕییانەی هەیە ، لایەڕەی پەروەردەو خوێندن دەربارەی خوێندن لەم کۆلێژەو دەسکەوتی وەزارەتی پەروەردە لەم ڕێگایەوە و بەدی هێنانی ئامانجەکانی دیمانەیەکی لەگەڵ د.سیروان عەرەب بلّباس ڕاگری کۆلێژی ناوبراو ئەنجامدا.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەم کۆلێژە بەدیاریکراوی کەی کرایەوەو تا ئێستا چەند مامۆستا لەو کۆلێژە سوودمەند بوون؟ ڕاگری کۆلێژەکە ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا بە تەنها لە کۆلێژەکەی ئەوان 6400 مامۆستا سوود مەند بوون ئەو لەمبارەیەوە وتی: سەرەتای دامەزراندنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران بە دیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆسالّی -2012 2013کە قوتابیان وەرگیران لەسەرەتاوە ئەو کۆلێژە تایبەت بوو بە مامۆستایانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە ، بۆسالّی یەکەم زیاتر لە پێنج هەزار مامۆستا داواکاریان پێشکەش کرد لەو ژمارەیە نزیکەی 800 قوتابی وەرگیران لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە ، کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و ئەو مامۆستایانە بوون کەبە خولی شیاندن کرابوونە مامۆستا سالّ لە دوای سالّ ئەو ڕێژەیە زیادی کرد تا ئێستا نزیکەی 6400 مامۆستا خوێندنییان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی تەواوکردووە ، جێگای شانازییە کەیەکەم زانکۆ دەستی بەو کارە کرد زانکۆی سەلاحەدین بوو دواتریش لە شارەکان و زانکۆکانی دیکە کرایەوە بە گشتیش زیاتر لە سی هەزار مامۆستای سەر بەوەزارەتی پەروەردە سوودیان لە کۆلێژی بنەڕەتی ئێواران وەرگرتووە.



بەکر کەریم حەسەن*

پلان و ستراتیژیەت لە پەروەردە

فەیلەسوفی بە ناوبانگی چینی کۆنفۆشیۆس دەڵێ" خوێندنەوەی رابردوو گرنگە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پلان بۆ پاشەڕۆژ دابنێن".
بێگومان دانانی پلانی ستراتیژی چوار ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ئاماژە ئومێد بەخشەکان کە چاوەڕوانی ئەنجامی باشی لێ دەکرێ. وەزارەتی پەروەردەش کە دەیەوێ بەرنامە و پلانی ستراتیژی بۆ چوار ساڵی ئایندە دابڕێژێ بێ شک هەنگاوەکانی هەستانەوەی پەروەردە و فێرکردن دەبێ لە هەرێمی کوردستان، چونکە داڕشتنی پلانی ستراتیژی مەبەست لێی بنیاتنان و ئیدارەدانی سیستەمی نوێی پەروەردە و فێرکردنە بە کۆمەڵێ داهێنان و پەرەپێدانی نوێ و بیرکردنەوەی پێداویستییەکانی کاری پاشەڕۆژ و بنیاتنانی مرۆڤی کوردستانی بێت لە کۆمەڵێ ڕووە وە، پلان وستراتیژی وەزارەتی پەروەردە کە دەیەوێ لە دەستپێکی کابینەی نوێ ڕابگەیەنرێ و بکەوێتە واری جێ بەجێ کردن بۆ چوار ساڵی ئایندە هەڵگری کۆمەڵێ ئامانج دەبێ مەبەست لێی جێ بەجێ کردنیان بێت لەو چوار ساڵەدا بە تەماشاکردنی من بۆ پلانەکە گرنگە کار لە سەر ئەو خاڵانە بکرێ.
دەستە بەرکردن و مسۆگەرکردنی خوێندن بە یەکسانی لە باخچە و قوتابخانە حکومییەکان بە گرنگیدانی زۆر ڕەوە ، ڕەخساندن و کردنەوەی چەندەها خولی ڕاهێنان و مەشقی بەردەوام بۆ پێش خستنی توانا کارگێڕی و پەروەردەییەکان بۆ کارگێڕی سەرکردایەتییەکانی پەروەردە و فێرکردن بە گشتی .
کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی تواناکانی پسپۆڕی مامۆستایان..
ڕەخساندنی کەشی ژینگەیی لە بار لە قوتابخانەکان بۆ قوتابیان و مامۆستایان و نۆژەن کردنەوە و فراوان کردنی قوتابخانەکان .
پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی سپۆڕی و کارگێڕی دوو ساڵ لە سەر یەک کاریگەری لە سەر مانەوەیان هەبێت .
پێداچوونەوە و دانانی سنوریک بۆ ئەو هەموو خوێندنە ناحکومییە بەر بڵاوە جودا کردنەوەیان لە یەکتری و دوورخستنەوەیان لە بزنس و بازرگانی کردن بە پەروەردە و فێرکردن، لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمەکان لەو بوارە و هاندانی ئەوانەی کوالێتی و چۆنایەتیان باش بووە . هەموار کردنەوەی یاسای خوێندنی ناحکومی .
پێداچوونەوە و گرنگیدان بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە سەرجەم قوناغەکانی باخچە و بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەموو ڕوویەکەوە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بە ئەزموون .
گرنگیدان بە بابەتەکانی بنیاتنانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندن وەکو بەها کۆمەڵایەتییەکان و بابەتەکانی ڕەوشت و کارامەییەکانی ژیان و پیشەیی .
چەسپاندنی دایەپەروەری کۆمەڵایەتی و کارگێڕی ڕاستەقینە لە پەروەردە لێپرسینەوە و بەشداری پێکردن
هەموار کردنەوەی یاسای پەروەردە و فێرکردن لە پێناو پەروەردە و فێرکردن بێت، لەلایەن لێژنەیەکی شارەزا و پسپۆڕ لە پەروەردە.
پێداچوونەوە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەزموونەکانی وەزاری بۆ قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی و دوازدەی ئامادەیی.
پێداچوونەوە بە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن تاکە ئامانج قوتابی بێت و ماموستاش هاندەر .
پەرەپێدانی تواناکان لە سەر بنچینەی داهێنان و شارەزایی .
پێداچوونەوە بە کۆمەڵێ ڕێنمایی و بڕیار کە سەرنج و تێبینی لای پەروەردەکاران دروست کردووە.
دروست کردنەوە و بەهێزکردنی متمانە و سیقە لە نێوان پەروەردە و کۆمەڵگە بە گشتی و مامۆستایان و قوتابیان بە تایبەتی.
بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی و جێ بەجێ کردنی پڕەنسیپی سزا و پەداشت لە سەر بنەمای لێپەاتوویی و دڵسۆزی و پسپۆڕی. داڕشتنەوەی هەیکەلیەتی پەیکەری کارگێڕی وەزارەتی پەروەردە و تا بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان..
سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردە و فێرکردن. ئەوە و چەندەهای تر لە خاڵی گرنگ کە مەبەست و ئامانج لێی بەدەووپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێت لە هەرێمی کوردستان و لێپرسینەوە و هەنگاوتان و هەستانەوە و تەکاندانی پەروەردە بێت لە کوردستان کە هەردەم لە لوتکە بێت لە جێ بەجێ کردن .

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر**



د.سیروان عەرەب:

بۆ ئەمسالّی خوێندن بەشی زانستی کۆمپیوتەر دەکەینەوە بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە

جیاکراوەتەوە ، بۆیە ئەگەر تەماشا بکەیت مامۆستایانی پێش خوێندنی ئێواران لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی دوو قۆناغی خوێندنی جیاوازە بۆ وەزارەتی پەروەردە.

گۆڕینی پسپۆڕی

دەربارەی ئەوەی دەتوێت زۆربەی ئەو مامۆستایانەی دێنە کۆلێژەکە ئامانجییان زیاتر بەرزکردنەوەی بڕوانامەیە لەوەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بێت کە هەندێکییان واز لە پسپۆڕییەکەی خۆشییان دەهێنن کەچەندسالّە ئەو پسپۆڕییە دەڵێنەوە و پسپۆڕییەکی پێویستیشە ؟ڕاگۆری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ئاماژەی بەوەدا و پشڕاستی کردەوە کە زۆرێک لە مامۆستایان پسپۆڕییەکەیان دەگۆڕن لەمبارەیەوە وتی: ڕاستە بەشێک لەو مامۆستایانەی کە دێنە ئێرە لەوانەیە پسپۆڕی خۆیان بگۆڕن و ڕێژەی 61%ی مامۆستایان پسپۆڕی خۆیان کردووە بە بابەتی کوردی و کۆمەڵایەتی بۆڤونە پێشتر زانستەکان بوون یان ماتماتیک بوون ئێستا دێن بابەتەکانی کوردی و کۆمەڵایەتی دەخوێنن ئەوە لەسەرەتاوە وابوو ، بەڵام ئێستا شێوازەکە گۆڕاوە سالّی یەکەم و دووەمی وەرگرتنی قوتابییان بەو شێوەیە بوو، ئێستا چەند ڕێوشوێن و هاندەرێکمان بۆ مامۆستایان فەراهەمکردووە بۆئەوەی ئەو بەشانە بخوێنن بۆڤونە کرێی خوێندنی سالانەی ئەو دوو بەشە زۆر کەمترە لەبەشەکانی تر هەر بۆڤونە پێش دوو سالّ بەو پێیەی قوتابییانمان کەم بوون لەو دوو بەشە بە خۆڕایی قوتابیان وەرگرین بەبێ پارە مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەیانتوانی بێ بەرامبەر درێژە بە خوێندن بدەن بۆیە ئێستا دەبینین حاڵەتەکە گۆڕاوە لەلایەکی تریش پار سالّ بڕیارماندا کە مامۆستایانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بە هیچ جۆرێک لەبەشەکانی کوردی و عەرەبی وکۆمەڵایەتی وەرنەگیرێن بۆئەوەی ناچار بن بچنە بەشەکانی دیکە جیگای خۆشحاڵیشە دەبینین مامۆستایان ئاستێکی باشییان هەیە و ژمارەیەکی زۆریان ئاستییان نایابە ئەمەش بەڵگەیەکە کە مامۆستاکان بۆ لایەنی زانستیش هەوڵ دەدەن نەک تەنها بڕوانامە.

داوای وەزارەت

دەربارەی ئەوەی کە بۆچی لەسەرەتای کردنەوەی کۆلێژەکە وەزارەتی پەروەردە کە بەردەوام کێشەی کەمی پسپۆڕییە زانستییەکانی هەیە ئایا داوای ئەوەی نەکردووە کە قوتابی لەبەشە زانستییەکان زیاتر وەربگیرێن ؟ د. سیروان لەمبارەیەوە وتی: نەخێر ئەوان ئەو داوایەیان نەکردووە، بەڵام ئێمە لای خۆمانەوە ئەو کارەمان کرد و لەو دوو ڕێگایەوە هەوڵماندا و ئەو دوو پسپۆڕییە کەمبکەینەوە هەتا هەر مامۆستایەک کە پسپۆڕی زانست و بیرکاری بێت لە هەمان پسپۆڕی بخوێنێت پێنج فەرەی زیادەی دەدرێتێ بۆ پێشبڕکێی بە دەستهێنانی کورسی خوێندن ، بەڵام وەزارەتی پەروەردە ماوەی سێ ساڵە جەخت لەوە دەکاتەوە کە مامۆستایان نەتوانن پسپۆڕی خۆیان بگۆڕن .

خوێندنێکی پێشکەوتوو

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند ئەو وانانەی لەم کۆلێژە دەوترێتەوە هاوکات بە پێی پەروەردەی سەردەمە وئایا جگە لە ڕێگاکانی وانە وتنەوەو دەرونزانی وانەیەکی تر دەخوێنرێت کە کاریگەری زۆر زیاتر بەسەر مامۆستاوە دروستبکات و شێوازێکی جیهانی بێت خۆ ئەو دوو وانەیە لە خولی شیاندنیش دەخوێنرێن؟
ئێمە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ماوەی پێنج ساڵە لەگەڵ زانکۆی ئێف ئەی ئەڵمانی گرێبەستێکمان هەیە کە ساڵانە سی مامۆستای ئێمە سەردانی ئەو زانکۆیە دەکەن و خولی ڕاهێنان دەبینن ئاشنا دەبن بەو زانستە نوێیانەی کە ئێستا لە جیهان دەخوێنرێت ، هەر لە ڕوانگەی ئەم بابەتەوە ئێمە چەند بابەتێکی دیاریکراومان زیاد کردووە لە کۆلێژەکەمان کە دەمانبەستێتەوە بە زانکۆ گەورەکانی جیهان هەردوو بابەتی پەروەردەی پێشەنگکاری و پەروەردەی فەرەیی کە دوو بابەتی زۆر گرنگن بۆ مامۆستایان بۆڤونە لە پەروەردەی پێشەنگکاری ئەوە فێری مامۆستایان دەکرێت کە چۆن بتوانن بیرۆکەی داهێنەرانەی قوتابی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی پەرە پێبدەن و ئەو کارە دەستپێبکەن قوتابیانیش گەشە پێبدەن جگە لە وانەکان فێری پیشە بن هەروەها پەروەردەیی فەرەیش یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان کە تەنها لە زانکۆی سەلاحەدین دەخوێنرێت ، کە بەس لەوە دەکات چۆن تاکێک بەرهەم بهێنێت قبوولّی جیاوازییەکان بکات چ ئاینی یان نەتەوەیی و ناوچەگەرێتی ؟ کە بابەتێکی گرنگەو ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستمان پێیەتی و ماوەی چوار ساڵە ئەم بابەتە لە کۆلێژەکەی ئێمە دەخوێنرێت. تاچەند لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە هەماهەنگن بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی خوێندن لەڕێگای ئەم کۆلێژەوە وئایا بۆ ئەمسالّ هیچ بەشێکی نوێ دەکەنەوە کە پێشتر نەبووبێت و وەزارەتی پەروەردەش پێویستی بێت ؟ ئێمە لە سالّی ڕابردوو دوو کۆنفڕانسی زانستیمان بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە ئەنجامداوە بۆ ئەوەی بابەتەکان نزیکبکرێنەوەو پێداویستییەکانی وەزارەتی پەروەردە دابینبکرێت.
وەزارەتی خوێندنی بالّا بڕیاری داوە کە هەموو بەشەکانی خوێندنی ئێواران دابخرێت جگە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی نەبێت بە خۆشحاڵییەوە دەتوانن بەردەوام بن ئەوەی ئێمە بۆ ئەمسالّ دەیکەینەوە بەشی زانستی کۆمپیوتەرە کە وەزارەتی پەروەردە زۆر پێویستی پێیەتی و وەزیری پەروەردەی پێشوو بە نوسراوی فەرمی داوای کردنەوەی کردووە.

ئەزموونی مامۆستایەک

مامۆستا سوعاد محەمەد حەسەن: مامۆستای جاران هەستی نەتەوایەتی زۆرتر بوو، بەڵام ئێستا ئەو هەستە کاڵ بۆتەوە



سوعاد محەمەد

ئامادەکردنی / ڕێشنا عەلی

ئەزموونی مامۆستایەک گۆشەیەکی هەفتانەی لایەڕەی پەروەردەو خوێندنە ئەو مامۆستایانە بەسەردەکاتەوە کە تەمەنیان بۆ خزمەتی پیشەیی مامۆستایی و پەروەردە تەرخانکردووەو لەسەردەمێکدا خزمەتییان بە قوتابیان و منداڵانی کوردستان کردووە ، ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم گۆشەیە نزیکبوونە لەو مامۆستایانەو بەسەرکردنەوەیانە هەروەها بەراوردێکی پەروەردەییانەشە لە نێوان دوو سەردەم لە پەروەردەکردنی جیاواز و دوو نەوەی جیاواز ، هاوکات دیاریکردنی ئەو کێشە پەروەردەییانەیە کە لە ئێستادا بوونییان هەیە پێشنیارو بۆچوونی ئەوان بەرچاو ڕوونییەکە بۆچارەسەرکردن و بنبڕکردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەو ئەزموونەی هەیانە ، ئەزموونی ئەم هەفتەیە ئەزموونی مامۆستا (سوعاد محەمەد حەسەن)ە پسپۆڕی وانەی بیرکاری و هاوکات فیزیایە ولە سالّی 1961لەدیک بووە ولەسالّی 1984ەوە مامۆستایە ئەزموونی هەم مامۆستایی و هەم بەڕێوەبەری هەیە 24سالّ خزمەتی لەبواری پەروەردە هەیە ، مامۆستا سوعاد ئاماژە بەوە دەدات کە کاتی خۆی مامۆستا زیاتر ئیلتیزامی دەکرد ، چونکە سزاو پاداشت ڕۆڵییان هەبوو بۆ مامۆستا ، تەنها نوسراوی سەر کاغەز نەبوو.

دڵسۆزی بۆ کار

مامۆستا سوعاد محەمەد دەربارەی ئەوەی کە ئایا چی لە پشت سەرکەوتنی مامۆستایە لە کارەکەیداو قوتابیش لێی سوودمەند دەبێت ئاماژەی بەوەدا کە دڵسۆزی بۆکار هۆکاری سەرەکییە ئەو وتی "

دڵسۆزی لۆگۆیە بۆکارەکانم هەموو کات و هەر ئەوەشە کە قوتابی لێی سوود مەند دەبێت.

قۆناغەکانی ژیانی مامۆستایی

مامۆستا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە دەربارەی قۆناغ و وێستگەکانی مامۆستایی خۆی وتی " یەکەمجار لەهەولێر لە ١٩/١٢/ ١٩٨٤لە گوندی جدیدە وەک مامۆستا دەست بە کار بووم تاوە کو ساڵی١٩٨٧ کە ڕژێم شوفەری لە گوندەکان داو هەمووی ڕووخاندن ئیمەش گوازرایینە وە بۆ کۆمە لگای بنەسلا وە لە ئامادەیی بنەسلاوە وانە ی بیرکاری پۆلی دوازدەم دەگوتەوە منیش مۆڵەتی دایکایەتیم تەنها پێنج مانگ وەرگرت کە ساڵێک مافی مامۆستا بوو ، بەڵام لەبەرئەوە ی قوتابیان بەبێ مامۆستا دەمانەوە منیش بە هۆی ئەوان مۆڵەتە کەم بڕی و بە ردەوام بووم لە گە لیان، پە ڕوە ردە ی ئە و کات ریزو سوپاس و پیزانینی پێ بەخشیم وە ک پاداشت ، لە ساڵی ١٩٨ 8گە ڕامە وە ناو هە ولێر بۆ قوتابخانە ی بە هاری کچان ، لە ساڵی 1989بە هۆی کاری تایبەتی هاوسەرەکەم چووینە موسڵ و 17ساڵ لەوێ مامۆستا بووم تاساڵی 2007گەڕامەوە هەولێر و لە ساڵی 2012ەوە تا ئێستا لە قوتابخانەی خەباتی کچان بەڕێوەبەرم .

جیاوازی مامۆستا

دەربارەی جیاوازی مامۆستا لە ئێستاو لە وکاتەی ئێرە مامۆستا بوون چۆن دەبینی ئەو بەڕێوەبەرە وتی: کاتی خۆی مامۆستا زیاتر ملتزم بوون هۆکارە کەش جاران سزاو سوپاس و پیزانین دەوری هە بوو تەنها نوسراوی سەر کاغەز نەبوو، مامۆستای جاران ئینتیمای زۆر بوو بۆ خاک و نیشتمان ،بەڵام ئێستا کاڵ بونەوە دەبینم لە کردارەکانیان لە وانە یە ئەوەش بگە ڕێنمەوە بۆ ئەو قەیرانەی کە بەسەر کوردستان و عیراقدا تێپەڕ بوو.

پێشنیار

دەربارەی ڕاو پێشنیار بۆباشترکردنی ژیانی مامۆستاو بەرەو پێشچوونی لە پیشەکەی خۆی مامۆستا سوعاد ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە ژیانی مامۆستا باش بکرێت ئەو وتی

"باشترکردنی ژیانی مامۆستا پێویستی بە دانانی سیستەمێکی ڕاست و دروست و چڕو پڕە بۆ دانەوەی پاشەکەوتی موچەی مامۆستایان و نیزامیکی جدی نوێ لە لایەن حکومەت نەک تەنها بۆ پەروەدە بەڵکو بۆ هە موو وە زارەتە کانی تر دابنرێت و ژیانی مامۆستا باشتر بکرێت.

پێویستە حکومەت گوزەرانی مامۆستا باش بکات و سیستەمێکی گونجاو دابنێت بۆ دانەوەی پاشەکەوتەکانییان

چلەی ماتەمینی عەبدولغەنی عەلی یەحیا

زیاتر لە نیو سەدە خەباتی پێنووسی بەرگریکارێک لە نەتەوە و نیشتمانەکەی

خەبات: تریفە ئازاد

ئەو هەمیشە دەیگووت من زۆر هەست بە ماندوو بوون دەکەم، لە هەمان کاتیشدا دەترسم رۆژێک بێت قەڵەمەکەم وشک بێت، هیچم بۆ نەنووسرێت. لەگەڵ ئەوەشدا وا هەست دەکەم خوێندن و نووسین و بیرکردنەوەی بەردەوام بۆی هەیە مێشکی نووسەر چالاک و جاحێڵ رابگرێت. ئەو مرۆڤەی زۆر دەخوێنێتەوە یان دەنووسێت، هەمیشە فیکری روون و گەنجە.ئەو وەک هەمیشە بەیانیان زوو وەکو پیشەی لە مێژینەی لەگەڵ ئەلندی بەیان هەڵدەستا. چاویلکە گەورەکەی لەچاو دەکرد. قەڵەم پاندان و شوشەی مەرەکەب و پەڕاوی نوسینەکانی لە دەست دەگرت تاوەکو منداڵەکانی لەخەو هەڵدەستان. ئەو دەمێک بوو نووسینەکانی تەواو کردبوو. بەدیار شاشەی لاپتۆپ و کەنالە کوردی و عەرەبییەکانەوە دادەنیشت و ڕادەما. تاوەکو بزانێت لە کوێ قسەیەک دژ بە گەلی کورد دەکرێت، خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئامادە دەکرد.ئەو پیاوێک بوو هەمیشە خەمی گەلەکەی بوو لە پێناو سەرخستنی دۆزی کورد بە قەڵەمەکەی دەستی بە بەرگری دەکرد، بەڵام ئەسەف چل ڕۆژ بەر لە ئەمرۆ مەرگ لە بەیانییەک هات و لە دەرگای دا و ڕاپێچی لای خۆی کرد و کورد ئەم ڕۆژە دووبارە نووسەرێکی تری بە ئەزموونی لەدەست دا.

دەربڕینێک بوو لە میهرەبانی

لەیلا بۆتانی کچی گەورەی مامۆستا عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی لە بارەی باوکی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:باوکم خاوەنی 2 کچ و 4 کوڕ و 9نەوەیە. ئەو لە ژیانی نووسین وخوێندنەوەدا گەیشتبوە لوتکە، بەڵام هەرگیز لایەنی کۆمەڵایەتی پشتگوێ نەخستبوو. زۆر بە میهرەبانی و دڵسۆزییەوە لەگەڵ خانەوادەو هەمو خەڵکی هەڵس و کەوتی دەکرد. زۆر بۆی گرنگ بوو دڵی کەس نەهێشتنێت، باوکمان هەرگیز جیاوازی نەدەکرد لە نێوان خوشک و براکانمان هەمومانی وەکو یەک خۆشدەویست و هەرگیز لێمان تورە نەدەبوو، بەجۆرێک بەڕێز و میهرەبان بوو لەگەڵمان بێ ئەوەی لێمان تورە بێ هەمووماں بە شەرمەوە قسەمان لەگەڵ دەکرد، هەرچەند تورەبوونایە کە دەگەیشتینە ئاستی باوکم نەماندەتوانی دەنگمان بەرز بکەینەوە، زۆر لە دژی تووندو تیژی بوو. ئەگەر چی باوکم هەموو ژیانی بۆ نووسین و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیاری نوێ تەرخان کردبوو. بەبەردەوامی چاوی لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و شاشەی تەلەفزیۆن و لاپتۆپ و ئینتەرنێت بوو. هەمیشە بیرو ڕای ئێمەشی وەردەگرت و پێی دەگوتین چ زانیارییەکی تازە هەیە. ئێمەش دەمان گوت بابە گیان هیچ زانیارییەک لە ژێر دەستی تۆ رزگاری نابێت بۆیە ئێمە چاومان لە قسەو نووسینەکانی تۆیە بۆ ئەوەی ئاگامان لە زانیاری ناوخۆیی و دەرەکی بێت. باوکم زۆر هاوڕێیانە مامەڵەی لەگەڵ دەکردین. زۆر دڵخۆش دەبوو بە سەرکەوتنەکانمان لە بواری خوێندن و کارو پیشەی ژیانمان. هەمیشە وەکو مۆم دەسوتا بۆ ڕوناککردنەوەی ژیانی ئێمە. هەموکات باسی کوردایەتی و خەبات و قوربانیدان بۆ کوردستانی کردبوە بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەی پەروەردەکردنی منداڵ و نەوەکانی. زۆر بە شانازی و پیرۆزییەوە باسی زیاتر لە نیو سەدە خەباتی نووسین و بەرگریکردنی خۆی لە کوردستان بۆ دەگێڕاینەوە. هەرگیز لە خەباتی خۆی پەشیمان نەبوو. باوکم لە ژیانیدا هەوڵیداوە زۆر سادە بژی هەمو میوانێکی هەتا بەردەرگا بەڕێ دەکرد، لەگەڵ هەموو تەمەنێک خۆی دەگونجاند و گرنگی پێدەدا، لای ئەو گەورەترین سامان قەڵەم پاندانێک و چاویلکەو ماسیکەی لاپەڕە بۆرەکان و کاتژمێرەکەی دەستی بوون ، زۆر هانی دەداین بۆ خوێندنەوەی پەرتووک و دوای خوێندنەوەی هەرکتێبێک گفتوگۆی لەبارەی کتێبەکە لەگەڵ دەکردین. هەمیشە هانیدەداین بۆ بەدەست هێنانی بڕوا نامە و تێکەڵ بوونمان بە کۆمەڵگا ، حەزی دەکرد هەمیشە لە بۆنە و خۆشی و ناخۆشییەکانی دەوروبەرمان بەشدار بین باوکم لە ساڵی هەشتاکانیش ماڵەکەی وەک سەندیکا و یەکێتی نووسەران و تەنانەت وەک بەرەی کوردستانیش وابوو. هەمو کەسە بیروڕا جیاوازەکان و شاعیر و هەڵبەستڤان و ڕووناکبیر نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی لە ماڵەکەی خۆی کۆدەکردنەوە، تەنانەت زۆربەی زۆری کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتە کوردستانییەکان کە لە ڕێکخستنە شاراوەکانی ناو شار کاریان دەکرد شەوانە لە باخچەی ماڵەکەمان لە گەڕەکی موفتی تا درەنگانی شەو خەریکی گفتوگۆی سیاسی دەبوون وەک بەڕێزان (مامۆستا مەغدید حاجی و فواد سەدیق و مامۆستا پیربال محمود و تارق جامباز پاڕێزەر فیکرەت و دلشاد مەریوانی و عەبدوڵڵا ئاگرین و میرخان قادر و... زۆری تر کە دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە باوکم نزیک بوون ، زۆر هانی دەداین بۆ خوێندنەوەی پەرتووک و دوای خوێندنەوەی هەرکتێبێک گفتوگۆی لەبارەی کتێبەکە لەگەڵ دەکردین. هەمیشە هانیدەداین بۆ بەدەست هێنانی بڕوا نامە و تێکەڵ بوونمان بە کۆمەڵگا ، حەزی دەکرد هەمیشە لە بۆنە و خۆشی و ناخۆشییەکانی دەوروبەرمان بەشدار بین باوکم لە ساڵی هەشتاکانیش ماڵەکەی وەک سەندیکا و یەکێتی نووسەران و تەنانەت وەک بەرەی کوردستانیش وابوو. هەمو کەسە بیروڕا جیاوازەکان و شاعیر و هەڵبەستڤان و ڕووناکبیر نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی لە ماڵەکەی خۆی کۆدەکردنەوە، تەنانەت زۆربەی زۆری کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتە کوردستانییەکان کە لە ڕێکخستنە شاراوەکانی ناو شار کاریان دەکرد شەوانە لە باخچەی ماڵەکەمان لە گەڕەکی موفتی تا درەنگانی شەو خەریکی گفتوگۆی سیاسی دەبوون وەک بەڕێزان (مامۆستا مەغدید حاجی و فواد سەدیق و مامۆستا پیربال محمود و تارق جامباز پاڕێزەر فیکرەت و دلشاد مەریوانی و عەبدوڵڵا ئاگرین و میرخان قادر و... زۆری تر کە دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە باوکم نزیک بوون ، زۆر هانی دەداین بۆ خوێندنەوەی پەرتووک و دوای خوێندنەوەی هەرکتێبێک گفتوگۆی لەبارەی کتێبەکە لەگەڵ دەکردین. هەمیشە هانیدەداین بۆ بەدەست هێنانی بڕوا نامە و تێکەڵ بوونمان بە کۆمەڵگا ، حەزی دەکرد هەمیشە لە بۆنە و خۆشی و ناخۆشییەکانی دەوروبەرمان بەشدار بین باوکم لە ساڵی هەشتاکانیش ماڵەکەی وەک سەندیکا و یەکێتی نووسەران و تەنانەت وەک بەرەی کوردستانیش وابوو. هەمو کەسە بیروڕا جیاوازەکان و شاعیر و هەڵبەستڤان و ڕووناکبیر نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی لە ماڵەکەی خۆی کۆدەکردنەوە، تەنانەت زۆربەی زۆری کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتە کوردستانییەکان کە لە ڕێکخستنە شاراوەکانی ناو شار کاریان دەکرد شەوانە لە باخچەی ماڵەکەمان لە گەڕەکی موفتی تا درەنگانی شەو خەریکی



ڕێچکەی تۆ بەردەوامە، ئارام بە لە باوەشی خاک

ئەمین بۆتانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی مامۆستا عەبدلغەنی علی یەحیا گوتی: ئوستادی گەورە لەهەر شوێنێک بێت ئێستا هەرگیز نەمردووە ، ئێوە بەدرێژایی تەمەنتان ژیانتان بۆ ئەم کوردستانە لە هزر و هەڵوێستدا بەخێو کرد، بەگەورەیی خۆت ئاوڕ لە ژیانێک مەدەوە پێناچێ لەبەرانیش بۆیان ڕاستنەکرایەوە، وا دیارە مەرگ وەڵامی هەموومان دەداتەوە، زۆر بەداخەوە، ئەمیش لەم سەفەرە بێزار بوو گەڕایەوە ماڵ، ئێمەش پێی دەگەین، ئۆغرت ئارامی و ئاسوودەیی. .شوێنی مامۆستا عبدالغنی هەر گیز پڕ نابێتەوە، ڕۆحت شاد مامۆستا، سۆز بێ ئەو پەیامەت بەردەوام بکەین، هەر بە ڕاستی غەنی بووی، کوردێکی غەنی، مرۆڤێکی غەنی، ژیان قەرزاری ئێوەیە ، بۆ دەڵێم تۆ هەمیشە خەیاڵمان بەرەو جوانی و ژیان و کوردایەتی ئاراستە دەکەی، شانازیت پێوە دەکەین ، نەخش و سەنگی ئێوە لەناو دڵمان، هزرمان، تاهەتا زیندووە. ئارامبە لە باوەشی خاکی شەهیدان و پێشمەرگایەتی.

ئەمین بۆتانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی مامۆستا عەبدلغەنی علی یەحیا گوتی: ئوستادی گەورە لەهەر شوێنێک بێت ئێستا هەرگیز نەمردووە ، ئێوە بەدرێژایی تەمەنتان ژیانتان بۆ ئەم کوردستانە لە هزر و هەڵوێستدا بەخێو کرد، بەگەورەیی خۆت ئاوڕ لە ژیانێک مەدەوە پێناچێ لەبەرانیش بۆیان ڕاستنەکرایەوە، وا دیارە مەرگ وەڵامی هەموومان دەداتەوە، زۆر بەداخەوە، ئەمیش لەم سەفەرە بێزار بوو گەڕایەوە ماڵ، ئێمەش پێی دەگەین، ئۆغرت ئارامی و ئاسوودەیی. .شوێنی مامۆستا عبدالغنی هەر گیز پڕ نابێتەوە، ڕۆحت شاد مامۆستا، سۆز بێ ئەو پەیامەت بەردەوام بکەین، هەر بە ڕاستی غەنی بووی، کوردێکی غەنی، مرۆڤێکی غەنی، ژیان قەرزاری ئێوەیە ، بۆ دەڵێم تۆ هەمیشە خەیاڵمان بەرەو جوانی و ژیان و کوردایەتی ئاراستە دەکەی، شانازیت پێوە دەکەین ، نەخش و سەنگی ئێوە لەناو دڵمان، هزرمان، تاهەتا زیندووە. ئارامبە لە باوەشی خاکی شەهیدان و پێشمەرگایەتی.



جەنابی ئیدریس بارزانیی نەمر پێی دەڵێت تۆ نوسەرو ئەدیبێکی زیرەکی. داوای لێ دەکات وەکو ڕۆژنامەنوس و پەیامنێر کاری لەگەڵ بکات . ڕومالّی چالاکی و کارەکانی ئەو بکات. پێشتر ئەم کارەی نەکردبوو بۆیە دودڵ بوو پرس بە مامۆستا ئیبراهیمی برای دەکات. ئەویش پێی دەڵێت تۆ زیرەکی دڵنیام لەم ئەرکەشت سەرکەوتو دەبیت. لە هاوینی 1972لەگەڵ کاک ئیدریسی جوانەمەرگ دەچنە دهۆک و شنگال و ئەلقۆش و...چەند ناوچەی دیکەش . هەموو ئەو کارو چالاکییانەی کاک ئیدریسی نەمر لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بە زنجیرە بلاّو دەکاتەوە. هەرزوو ڕەزامەندی کاک ئدریس بەدەست دەهێنێت.

دواتر لە ڕۆژنامەی (الثقافه) و (شمس کوردستان) بو بە نوسەر لە ئاداری 1974 لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دا دامەزرێ و هەر لەو ساڵە بە خێزانەوە ئاوارەی ئێران دەبێت خۆی لە ناو شۆڕش و خێزانەکەی لە ئێران بوون.

مامۆستا خۆی بە مولکی هەموو کوردستان دەزانی لە سەرەتای ڕاپەرینی ئاداری 1991 بابەتی لە ڕۆژنامەی زۆربەی حزبەکان بلاّو دەکردەوە،

لە ساڵی 1996 لە دەزگای (گولان) وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر دامەزراو . ساڵی 1963 چۆتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول. بە دەستێکی چەک و دەستێکی دیکەی پێنوس هەڵدەگرێت . وشەکانی هاوتەریب لەگەڵ گولەی تفەنگەکەی . ئاراستەی دوژمنانی دۆزی گەلی کورد دەکات. لە ژیانی سیاسی خۆیدا زۆری مەینەتی چەشتوە دوچاری گرتن و ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی بووە.

جاری یەکەم لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ی برای لە هاوینی 1960 لە موسڵ موختاری گەڕەک بە تۆمەتی کووشتنی پۆلیسێک بەگرتنیان دەدات ئەشکەنجەیان دەدەن. لە ڕادیۆ ڕاگەیاندرا گرووپێکیان دەستگیر کردوە . دەیان ویست دەست بەسەر موسڵ دا بگرن. بەڵام مەلا عەلی باوکیان ڕێزی زۆری هەبوە لەناو خەڵکی شارەکە بە بەرتیل ڕزگاریان دەکات.

زۆر جار ئەگەر مامۆستا عەبدولغەنیان وەچەنگ نەکەوتایە. لە جێی ئەو. مامۆستا ئیبراهیم و مامۆستا عادل بۆتانی برای دەستگیر دەکران. ئەشکەنجەیان دەدان. بە ڕادەیەک پێی مامۆستا ئیبراهیم دەسوتێنن و پەنجەی پێی دەپەڕێنن.

مامۆستا گرووپێکی نهێنی خۆی هەبوو لەناو شاری موسل بۆکارو چالاکی. ساڵی 1966 لە شۆڕش بە نهێنی دێتەوە ناو شار. بۆ ئەوەی بەرەنگاریی ئەو کەسانە ببنەوە کە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد. پاش ئەنجامدانی چەند چالاکییەک ئەو کەسەی چەک و تەقەمەنی بۆ ئامادە دەکردن لە مالّەکەی خۆی. خیانەت لە مامۆستا دەکات بە گرتنی دەدات. دواتر دەگوازرێتەوە بۆ گرتوخانەی ژمارە یەکی بەغدا . دەدرێت بە دادگای پێداچونەوەی ئەمنی دەوڵەت، پێش ئەوەی حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا بسەپێنن، لە گرتوخانە را دەکات . دەچێتەوە ناو شۆڕش. ئەمجارە باوکی و مامۆستا ئیبراهیمی برای دەستگیر دەکەن. پێیان دەڵێن ئێوە خرایەکارێکتان شاردۆتەوە. بەڵام مامۆستا ماوەی دومانگ بێ سەرو شوێن دەبێت .خانەوادەکەی هەموو جێگایەک کێو مالّ دەکەن بۆ دۆزینەوەی، تاوەکو ڕۆژێک کەسێکی نەناس نامەیەک دەداتە د.عەبدولفەتاح بۆتانی برای پێی دەڵێت کاکت ماوەو لە ناو شۆڕشە.

سەرەتای کاری ڕۆژنامەوانی مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ 11ئازاری 1970 کاتێک لەعێراق بەشداریان کردبوو خەلاّتی دووەم وەردەگرێت. دوای ئەوەی لێژنەی بەڕێوەبردنی پێشبڕکێکە. بۆیان دەردەکەوێت. ئەو نوسەرەی پلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو. چیرۆکەکەی لە زمانی ئەفغانی وەرگرتبوو. داوای لێبوردنی لە مامۆستا دەکەن و پلەی یەکەمی پێدەدەن. دواتر زۆر بڕوای بەخۆی دەبێت، زیاتر دەنوسێت، هەربۆیە:

لەساڵی 1969لە گۆڤاری (ئەلعلووم)ی لوبنانی وتارێکی لەسەر ڕۆمانی مەسخی (کافکا) بلاّو کردەوە.

لە ساڵی 1974 لەیەکەم ڤیستیڤاڵی شانۆگەری کوردی شانۆیەکی نوسیوە بەناونیشانی (لافاو) لە لایەن سەباح عەبدولڕەحمانەوە دەرهێنانی بۆکراوە.

هەڵسەنگاندنی بۆ تابلۆی نیگارکێشە جیهانییەکانی وەک ڤان کوخ و داڤنشی دەکرد . ئەوانیشی لەڕۆژنامەی (عێراق ی کوردی) بلاّوەدەکردەوە.

ژیاننامەی عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی

عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی لە ماڵباتێکی ئاینی و نیشتیمان پەروەر. لە ساڵی 1943لەدایک بووە. خاوەنی سێ برا و 2کچ و 4کوڕو 9نەوەیە. مەلا عەلی باپیرە گەورەیان لەسەر کوردایەتی لە زێدی خۆیان لە جزیرەی بۆتان دەرکراوە و لە کورستانی عێراق نیشتەجێ دەبێت.

لە تەمەنی منداڵیەوە ئارەزووی زۆری بۆ خوێندنەوەو نووسین هەبووە. لە تەمەنی (7) ساڵی لەسەر دەستی باوکی کەمەلایێکی 12عیلم بوو قورئانی پیرۆز خەتم دەکات. لە بەر هۆکاری کەسانە ببنەوە کە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد. پاش ئەنجامدانی چەند چالاکییەک ئەو کەسەی چەک و تەقەمەنی بۆ ئامادە دەکردن لە ماڵەکەی خۆی. خیانەت لە مامۆستا دەکات بە گرتنی دەدات. دواتر دەگوازرێتەوە بۆ گرتوخانەی ژمارە یەکی بەغدا . دەدرێت بە دادگای پێداچونەوەی ئەمنی دەوڵەت، پێش ئەوەی حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا بسەپێنن، لە گرتوخانە را دەکات . دەچێتەوە ناو شۆڕش. ئەمجارە باوکی و مامۆستا ئیبراهیمی برای دەستگیر دەکەن. پێیان دەڵێن ئێوە خرایەکارێکتان شاردۆتەوە. بەڵام مامۆستا ماوەی دومانگ بێ سەرو شوێن دەبێت .خانەوادەکەی هەموو جێگایەک کێو مالّ دەکەن بۆ دۆزینەوەی، تاوەکو ڕۆژێک کەسێکی نەناس نامەیەک دەداتە د.عەبدولفەتاح بۆتانی برای پێی دەڵێت کاکت ماوەو لە ناو شۆڕشە.

سەرەتای کاری ڕۆژنامەوانی مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ 11ئازاری 1970 کاتێک

جەنابی ئیدریس بارزانیی نەمر پێی دەڵێت تۆ نوسەرو ئەدیبێکی زیرەکی. داوای لێ دەکات وەکو ڕۆژنامەنوس و پەیامنێر کاری لەگەڵ بکات . ڕومالّی چالاکی و کارەکانی ئەو بکات. پێشتر ئەم کارەی نەکردبوو بۆیە دودڵ بوو پرس بە مامۆستا ئیبراهیمی برای دەکات. ئەویش پێی دەڵێت تۆ زیرەکی دڵنیام لەم ئەرکەشت سەرکەوتو دەبیت. لە هاوینی 1972لەگەڵ کاک ئیدریسی جوانەمەرگ دەچنە دهۆک و شنگال و ئەلقۆش و...چەند ناوچەی دیکەش . هەموو ئەو کارو چالاکییانەی کاک ئیدریسی نەمر لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بە زنجیرە بلاّو دەکاتەوە. هەرزوو ڕەزامەندی کاک ئدریس بەدەست دەهێنێت.

دواتر لە ڕۆژنامەی (الثقافه) و (شمس کوردستان) بو بە نوسەر لە ئاداری 1974 لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دا دامەزرێ و هەر لەو ساڵە بە خێزانەوە ئاوارەی ئێران دەبێت خۆی لە ناو شۆڕش و خێزانەکەی لە ئێران بوون.

مامۆستا خۆی بە مولکی هەموو کوردستان دەزانی لە سەرەتای ڕاپەرینی ئاداری 1991 بابەتی لە ڕۆژنامەی زۆربەی حزبەکان بلاّو دەکردەوە،

لە ساڵی 1996 لە دەزگای (گولان) وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر دامەزراو . ساڵی 1963 چۆتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول. بە دەستێکی چەک و دەستێکی دیکەی پێنوس هەڵدەگرێت . وشەکانی هاوتەریب لەگەڵ گولەی تفەنگەکەی . ئاراستەی دوژمنانی دۆزی گەلی کورد دەکات. لە ژیانی سیاسی خۆیدا زۆری مەینەتی چەشتوە دوچاری گرتن و ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی بووە.

جاری یەکەم لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ی برای لە هاوینی 1960 لە موسڵ موختاری گەڕەک بە تۆمەتی کووشتنی پۆلیسێک بەگرتنیان دەدات ئەشکەنجەیان دەدەن. لە ڕادیۆ ڕاگەیاندرا گرووپێکیان دەستگیر کردوە . دەیان ویست دەست بەسەر موسڵ دا بگرن. بەڵام مەلا عەلی باوکیان ڕێزی زۆری هەبوە لەناو خەڵکی شارەکە بە بەرتیل ڕزگاریان دەکات.

زۆر جار ئەگەر مامۆستا عەبدولغەنیان وەچەنگ نەکەوتایە. لە جێی ئەو. مامۆستا ئیبراهیم و مامۆستا عادل بۆتانی برای دەستگیر دەکران. ئەشکەنجەیان دەدان. بە ڕادەیەک پێی مامۆستا ئیبراهیم دەسوتێنن و پەنجەی پێی دەپەڕێنن.

مامۆستا گرووپێکی نهێنی خۆی هەبوو لەناو شاری موسل بۆکارو چالاکی. ساڵی 1966 لە شۆڕش بە نهێنی دێتەوە ناو شار. بۆ ئەوەی بەرەنگاریی ئەو سەرنووسەری گۆڤاری گولانی عەرەبی و بۆ ماوەیەکیش بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی گولان بوو.

لە گۆڤارو و ڕۆژنامەکانی وەک (کاروان)(شەقولئەوسەت) (ئەلحەیاتی لەندەنی)(بەترائی ئوردنی) (الزەمان)(مەتین) و (خەبات) و (کوردستانی نوێ) و (الصوت الاخر)و سڤیل و پەیامی ئەیلول و چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە بەردەوام بابەتی هەبوون.

هەروەها سەرنوسەری هەفتەنامەی (الحقیقه) و خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی (رایه الموصل) بوو. لە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاری دیکەی حکومی و حزبی و بێ لایەن بەردەوام بابەت و گوتاری هەبوون.

لە ساڵی 1999 بۆ ماوەی هەشت ساڵ کارمەندی (رادیۆی ئەروپای ئازاد) بوو بەنازناوی ئەحمد سعید.

لە گەڵ ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا بۆ ماوەی دوو ساڵ کاری کردووە بەنازناوی کۆدۆ بۆتانی.

هەروەها لە دەیان سایتی ئەلیکترۆنی وتاری بلاّوکردۆتەوە. وەک (دەنگی کوردستان،الحوار المتمدن، میدڵئیست ئونلاین، تلسقۆف، کۆبانێ کورد، لالش....و . زۆری دیکە.

ماوەی 17ساڵ ڕۆژانە بە بەردەوامی. لە زۆربەی کەنالّە کوردی و عەرەبی و بیانییەکان. وەک چاودێرو شرۆڤەکارێکی سیاسی بیرو بۆچونەکانی وەردەگیران. پێداچونەوەی بۆ دەیان نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا ئەنجامداوە و هەڵەچنی بۆ کردون.

مامۆستا خاوەنی دەیان خەلاّت و ڕێز لێنانە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانی. توانای بۆ نووسین گەلێک زۆر بوون. هەرگیز پێداچونەوەی بۆ نووسینەکانی نەدەکرد، ڕۆژێکی بە بێ نووسین لە ژیانی تێپەڕ نەدەبوو. هاوڕێکانی بە میری مردەکب ناویان دەبرد.

زۆر بە گرنگەوە دەیڕوانیە بابەتی پێکەوە ژیانی ئاین و نەتەوە جیاوازەکان لە ریگەی نووسینەکانیەوە. داکۆکی لە مافەکانیان دەکرد. لەسەر پرسی تیرۆر زیاتر لە(25) کۆڕی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەنجامداوە.

لە پاڵ نووسینی بابەتی ڕۆژانە. کتابێکی بە ناونیشانی قضایا وشؤون الکردستانیه بە چاپ گەیاندبوو. هەروەها کاری لەسەر نووسینی ژیاننامەی خۆی دەکرد، چەند بەشێکیشی لە ڕۆمانێک بە ناونیشانی (گرتووخانەی والاّ)، نوسی بوو، بەڵام مەرگ مەودای نەدا ئەم دوو بەرهەمە بەچاپ بگەیەنێت.

لەگەڵ ئەوەی نووسین سەرلەبەری ژیانی داگیرکردبوو بەڵام پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی پشتگوێ نەخستبوو هەمیشە خزم و دۆستانی بەسەردەکردەوە لە خۆشی و ناخۆشیەکانیان ئامادەگی هەبوو، لەناو خێزانەکەشی فریشتە ئاسا، زۆر بە میهرەبانی و ناسکییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ منداڵ و نەوەکانی دەکرد.

لەبەیانیەکی زووی 29ی حوزەیران ی 2019 لە ماڵەکەی خۆی بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک دەنێت. ئاگری دووریی بێ بڕانەوە لە دڵی خێزان و دۆستان و ئازیزانی هەڵدەکات.

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی (هەنگاو شیروان حمەصالح)ون بوو، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لەتەق تەق (٠٧٥٠١٥٥٩٦٢٧)

* * *

ون بوون

چوار پێناسی باری شارستانی بەناوەکانی (ئاسۆ بختیار شکر و ناز بختیار شکر و گەشیار بختیار شکر و ئەلەند بختیار شکر)ون بوو، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لەتەق (٠٧٥٠١٢٧٦٧١٢)

* * *

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی (ناسکە عبدالرحمن رسول)ون بوو، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لەتەق تەق (٠٧٥٠١٥٥٩٦٢٧)

* * *

ون بوون

ئارمی پلاستیك سلێمانی/ هەواڵدەر/ ئۆتۆمبێلی جۆری ئۆپل ئۆنیگا مودیل ١٩٩٠ ڕەنگی ماروونی ژمارەی لاشە (١٢٣٣٢٦٣L٠٠٠٠١٧WOL) بەناوی (طارق نجیم صالح) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٧٣٦٩٥٨٠٩٥)

* * *

ون بوون

پێناسی پێشمەرگایەتی یەکەی (٧٠) لیوای (١١٤) فەوجی (٣) وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی (احمد رسول محمد)ون بوو، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٨٥٣٤٦٥٢)

* * *

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٧٣٩ لە گەڕەکی ٦٩ کورگوسك لەرێکەوتی: ٢٠١٩/٧/٢٤ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی کورگوسك بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی داوەری بەرایی/ سمکو روستم سمین

* * *

بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان

ژمارە: ١٥٦٣٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١

ئاگاداری

ب/ کەمکردنەوەی نهێنی/ ژمارە (١)

بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی کەم کردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی (دابین کردنی ئۆکسجین شل بۆ نەخۆشخانەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) جا هەر کۆمپانیایەکی تایبەتمەند بەم کارانەی سەرەوە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەرێوەبەرایەتی تەندەرو مەرجەکانی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنەوەی ئەو تەندرانە دەبێ لەنا زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و پێشکەش بەبەشی گرێبەستەکان لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بکرێ وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٠ دەبێت. وە مەرج نییە بەرێوەبەرایەتیەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت.

تێبینی: نرخی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینارە.

دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید

بەرێوەبەری گشتی بەوەکالەت

زەردەشت لەڕووانگەی مێژووی دێرینەوە

کەمال نوری مەعروف لەفارسییەوە گێڕیوێتی

ئەو کاتەی ئیمپراتۆرێتی ساسانی بەدەستی مسوڵمانە ئەعرابەکان لەناوچوو، ئایینی ڕەسمی ئەو وڵاتە زەردەشتی بوو، یان مەزد یەسنایی. لەناوی ئاینەکەوە ناوی ئەویان بەزەردەشت هێناوە.



زەردەشت کۆنترین پێغەمبەری ئاریاییە، ئافلاتوون لەکتێبی (ئالیسیادس)دا ناوی ئەوی بۆ یەکەمجار هێناوە. (پلینی)و (پلوتارک) لەنووسینەکانی خۆیاندا بەدرێژی باسیان کردووە. زۆربەنەی لێکۆڵەران لەسەر ئەو پێغەمبەرەی ئاریایی هاوڕان کەلە هەزارەی یەکەمی پ.ز دا دەرکەوتووە. ناوی ئەو پێغەمبەرە لە ئاوێستادا (زەرتوشترە)یە، کەبەمانای خاوەنی خوشتری زەرد، یان خوشتری بەهێز دێت. بۆ یەکەمجار لەدۆزینەوەی زەردەشتدا بەقسەی شایەتەکان گوتراوە، ئەو لەڕۆژخی ڕوباری (دایتیە) دەرکەوتووە. لەناساتێکدا فریشتەی (وهومنه) (بەهەمەن)، یان (بڕوای چاک) لەتەرەفی ئاهۆرا مزداوە بۆ لای ئەو هاتووەتە خوارەوەو فەرمانی خواوەندی بە ئەو گەیاندووە.

زەردەشت ئایینی خۆی لای گۆشتاسپ خستووەتە ڕوو، چونکە هەڵسوڕێنەرانی چونکە هەڵسوڕێنەرانی کاری ئەو کە لە پیاوانی جادوگەربوون (واتە گوشتاسپ) لە دەربارێدا ڕازیبوون پارێزگاری لێبکەن، تاسەرئەنجام، ئایینی ئەو، مەزدیەسنا، بەمانا خواوەند پەرستی وەرگیرا.

زەردەشت مرۆژی خۆرهەڵێتی ئێران بوو، بەمانا خوراسانی گەورەو پشتی روبار. بەپێی زاراوەکەی بەشێکێتر لەشارەزاکان دەیبەنەوە بۆ ئازەربایجان، بەوشێوەیەی ئاینەکەی بەردەوامی ئاینی ویدایی(ژیدایی)یە، بەتایبەتی گاتاکان کەلێکۆڵینەوە لەسەر کەسی زەردەشت لەدیدی زمانناسییەوە دەریخستووە، کەلێکچوون لەنێوانیاندا بە زۆری هەیە، چونکە خواوەندەکانی ویدایی لە ئایینی زەردەشتیدا بەشێوەی دێو، یان فریشتە باسکراون. پاشاکانی ئاریایی کۆنی خۆرهەڵێتی ئێرانیش وەکو جەمشیدو فەریدون لەدوو نەتەوەی نزیک بەیەکتربوون.

بەو پێیە ئایینی ئاوێستایی تەواوکەری ئایینی ویدایی کە خواوەتە پاڵا کەسێک لەخۆرئاوای ئێران بەناوی زەردەشت، هەروەکو ئاماژەماندا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەژادەکانی غەیری ئێرانی لەو ڕۆژگارەدا لەوێدا ژیاون، بەڵام ئاریایی نەبوون. ئەمانە مرۆژی وربابوون و لەڕێگای دوورەوە هاتوون کە دەگات بە (2500) کم وەکو دیارە. ئاینەکەشی بە زمانی غەیری زمانی دایک بووەو لای گوشتاسپی پادشای (بەڵخ) خستوویەتەڕوو. بەشێکی تر لە لێکۆڵەران، ڕایان وایە ئازەربایجان شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتەو لەگەڵیا بۆ ئەوە دەچن، پەرستگای ئاگری (ئازەر گوشنەسپ) کەلە ڕۆخی دەریاچەی ورمێ لە تەختی سلێمانە، ئەو لە ڕۆژگاری (ئازەربودان)دا دروستیکردووە، یان لەسەردەمی یەکێک لەپادشاکانی کۆنی ئازەربایجان کە (موغ) بووە لەو ناوچەیەدا، لەسەدەی هخامەنشیدا، بناغەکەی لەوێدا بنیادناوە، دواتریش لەدەمی خەڵکیشەوە هەروا بلێتەبووەتەوە.

ئەوەش دیارە بەرزاییەکانی ئێران بەر لە کۆچی ئاریاییەکان بۆی، لەدانیشتوان چۆڵ نەبووە، لەوێدا دانیشتوانی ناوچەیی لەنەتەوەی جیاجیا هەبوون، کەجیاواز بوون لە ئاریاییەکان، و کۆسپ بوون بۆ بەرەو پێشچوونی ئەوانەو بڵێبوونەوەیان، چونکە ئەمان لەگەڵ بیرێکی نوێدا بوون.

ئەوەش دیارە ئاریاییەکانی ئێران لەیەکەم دەرکەوتنیاندا خاوەنی خواوەندی جۆراوجۆر بوون، واتە هەر تیرەیان عەشیرەتێک خواوەندی تایبەتی خۆیان بووە، بەڵام ئەنجام لەگەڵ ئەوانەی ناوخۆدا یەکیانگرتو، بوونە خاوەنی خواوەندی تاکپەرستی.

زەردەشت یەکەمین پێغەمبەری یەکتاپەرستی ئاریایی بووە، کەتوانی هەموو، خواوەندە زۆرەکانی ویدایی پووچەڵ بکاتەوەو ناوی خواوەندی دێوو تاریکییان لێ بنێت و لەشکۆیان کەمبکاتەوە.

زەردەشت بناغەی ئاینەکەی لەسەر خواوەندی یەکتایی دانـاوە، کـە ئاهـورامـزدایـە، بەمانای (دانای توانا)هاتووە. ئەو دوای هەموو ئەو خواوەندانەی ئاریایی و غەیری ئاریایی هاتووە، ئەوانە شەڕەنگێزو تاریک و جانەوەرو درندەن و ئازار دەگەیەنن و بریندارکردن و مەرگیش لەناو دێواندا هەیە.

بەپێی ناوەرۆکی ئاوێستا بەرزترین پلەی توانای جیهان لەدەستی ئاهۆرامزدا دایە. ئەم ناوە، جارێک بەشێوەی (مەزدا ئاهۆرایە)، یان لەگەڵ شێوەکانی تردا کەباسکراون بەناوی خواوەندی مەزەبی زەردەشتی هاتووە.

بەوشێوەیە، بەپێی بەڵگەکانی میژوو، (مەزدا) نیشانیدەدات، بەر لەدەرکەوتنی ئاوێستا، ئاشارەزاکان دەیبەنەوە بۆ ئازەربایجان، بەوشێوەیەی ئاینەکەی بەردەوامی ئاینی ویدایی(ژیدایی)یە، بەتایبەتی گاتاکان کەلێکۆڵینەوە لەسەر کەسی زەردەشت لەدیدی زمانناسییەوە دەریخستووە، کەلێکچوون لەنێوانیاندا بە زۆری هەیە، چونکە خواوەندەکانی ویدایی لە ئایینی زەردەشتیدا بەشێوەی دێو، یان فریشتە باسکراون. پاشاکانی ئاریایی کۆنی خۆرهەڵێتی ئێرانیش وەکو جەمشیدو فەریدون لەدوو نەتەوەی نزیک بەیەکتربوون.

بەو پێیە ئایینی ئاوێستایی تەواوکەری ئایینی ویدایی کە خواوەتە پاڵا کەسێک لەخۆرئاوای ئێران بەناوی زەردەشت، هەروەکو ئاماژەماندا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەژادەکانی غەیری ئێرانی لەو ڕۆژگارەدا لەوێدا ژیاون، بەڵام ئاریایی نەبوون. ئەمانە مرۆژی وربابوون و لەڕێگای دوورەوە هاتوون کە دەگات بە (2500) کم وەکو دیارە. ئاینەکەشی بە زمانی غەیری زمانی دایک بووەو لای گوشتاسپی پادشای (بەڵخ) خستوویەتەڕوو. بەشێکی تر لە لێکۆڵەران، ڕایان وایە ئازەربایجان شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتەو لەگەڵیا بۆ ئەوە دەچن، پەرستگای ئاگری (ئازەر گوشنەسپ) کەلە ڕۆخی دەریاچەی ورمێ لە تەختی سلێمانە، ئەو لە ڕۆژگاری (ئازەربودان)دا دروستیکردووە، یان لەسەردەمی یەکێک لەپادشاکانی کۆنی ئازەربایجان کە (موغ) بووە لەو ناوچەیەدا، لەسەدەی هخامەنشیدا، بناغەکەی لەوێدا بنیادناوە، دواتریش لەدەمی خەڵکیشەوە هەروا بلێتەبووەتەوە.

ئەوەش دیارە بەرزاییەکانی ئێران بەر لە کۆچی ئاریاییەکان بۆی، لەدانیشتوان چۆڵ نەبووە،

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1909:
لە سوید مانگرتنی گشتی راگەیەنرا .



ساڵی 1914:
لە جەنگی یەکەمی جیهاندا بەریتانیا شەڕی لە دژی ئەڵمانیا راگەیاند .



ساڵی 1984:
قۆناغی باڵا ناوی خۆی گۆڕی بۆ بۆرکینا فاسۆ .



ساڵی 1990:
عیراق دامەزرانی کۆماری کوێتی بە سەرۆکایەتی عەلا حوسێن راگەیاند .




ساڵی 2000:
بە بۆنەی 100ەمین ساڵیادی لەدایکبوونی شاژن ئەلیزابێس، خەڵکی بەریتانیا وەک دەربڕینی خۆشحاڵی هەڵڕژانە سەر شەقام .



ساڵی 2017:
لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رواندا ، پۆل کاگامە ڕێژەی 98.7%ی دەنگی وەدەست هێنا و بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆکی وڵات .

(دەستەواژەی سەدە) لە چییەوە هاتووە؟



ڕەمزی میرەکانی

"دەستەواژەی سەدە" دەستەواژەیەکە، زۆر جار دەزگاکانی ڕاگەیاندن نێودەوڵەتی وەکو فرانس پرێس، دەیدەنە پاڵ سەرۆکی ئەمریکا و کارگێڕییەکەی، بۆ وەسفکردنی پلانی ئاشتی چاوەڕوانکراو، ئەوەی دۆناڵد ترەمپ، بۆ چارەکردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین خستیە ڕوو. ئەو دەستەواژەیە هێمایە بۆ ڕەوتێکی نا باوی وەرگیراو، لە ڕابردووی سەرۆکی ئەمریکا، وەکو کارسازێکی خاوەن چەندین پڕۆژەی بیناسازی. بەڵام لە ڕاستیدا فرانس پرێس، هیچ لێدوان یان تۆمارێکی ترەمپی دەست نەکەوتووە، کە ئەو دەستەواژەیەی بەکار هێنابێت، هەر هیچ نەبێت بە ئاشکرا. یەکەم کەسیش دەستەواژەی (دەستەوارەی سەدە)ی بەکارهێنا ، عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسڕ بوو لە ساڵی 2017، لە دوای کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ترەمپ دا.

سەرچاوەی دەستەواژەکە

دوای ماوەیەکی کەم لە بردنەوەی لەناکاوی ترەمپ، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە مانگی تشرینی دووەمی 2016دا، ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنالْ، دیمانەیەکی لەگەڵ سازکرد، کە تێیدا ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینی بە (جەنگی کۆتایی نەهاتوو) وەسفکرد، هیواشی خواست، بتوانێت ئاشتی لە نێوانیاندا بەرقەرار بکات. ترەمپ وتی:"ئەوەیان گرنگترین دەستەوارەیە"، وتیشی:"بەو سیفەتەی دروستکەری دەستەوارەکانم، دەمەوێت ئەو دەستەوارەیە ئەنجام بدەم، کە ناکرێت ئەنجام بدرێت، دەمەوێت ئەوەش لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بکەم". لە 3 نیسانی 2017دا، سەرۆک ترەمپ، لە کۆشکی سپی، پێشوازی لە سەرۆکی میسڕکرد. لە لێدوانی ڕۆژنامەوانیشی بە زمانی عەرەبی، عەبدولفەتاح سیسی بە ترەمپی وت:"دەمبینی بە هێزەوە پشتیوانی لە هەموو هەوڵێک دەکەم، کە بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ کێشەی سەدە لە دەستەوارەی سەدە، دەخرێتە گەڕ"، متمانەی خۆیشی بەسەرۆکی ئەمریکا دەبڕی، کە دەتوانێت ئەمە بکات. بەڵام وەرگێڕانی لێدوانەکانی سیسی بۆ ئینگلیزی، باس لە دۆزینەوەی چارە بۆ (کێشەی سەدە) دەکات، بێ ئەوەی باسی وشەی (دەستەواژە) بکات.

بڵاوبوونەوەی دەستەواژەکە

دوای ئەوە، دەستەواژەی (دەستەوارەی سەدە) لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و لەسەر ئینتەرنێت، دەرکەوت و بڵاو بووبەوە.لە ئایاری 2017دا، مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتداریەتی فەلەستین، چاوی بە ترەمپ کەوت لە کۆشکی سپیدا، بەڵام تەنیا ئاماژەی بە (دەستەواژەی ئاشتی مێژوویی) کرد، بێ ئەوەی دەستەواژەی (دەستەوارەی سەدە) بەکار بهێنێت. کە بۆ جاری دووەمیش لە مانگی ئەیلول چاویان بەکتری کەوت، عەباس، لە لێدوانەکانی بە زمانی عەرەبی، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا جەختی لەسەر، سەرڕاستی سەرۆک ترەمپ کردەوە، بەوەی لە ماوەی ساڵێک، یان ڕۆژانی داهاتوودا، دەستەوارەی سەردەم بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێت. بەڵام وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ بۆ ئینگلیزی، ئەوەی کۆشکی سپی بڵاوی کردەوە، وتەی (دەستەوارەی سەدە) دایە پاڵ عەباس، ئەوەش لەوانەیە جاری یەکەم بێت، کە ترەمپ بە ئاشکرا گوێی لەو وشەیە دەبێت. لە تشرینی دووەمی 2017دا، ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەمی فەلەستینش باسی(دەستەوارەی سەدە) کرد. لە کانونی یەکەمی 2017دا،سەرکردایەتی فەلەستین، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆشکی سپی هەڵپەسارد، دوای ئەوەی ترەمپ دانی بەوە نا، قودس پایتەختی ئیسرائیلە. دوای ئەوە دەستەواژەی(دەستەوارەی سەدە)، مۆرکێکی نەرێنی لە وتارە فەرمییەکانی فەلەستین وەرگرت، وای لێهات بەرپرسانی فەلەستین، ئەو دەستەواژەیان بۆ ڕەخنەگرتن لە پێشنیازەکانی ترەمپ و سەرکۆنەکردنی ڕەوتی دیبلۆماسی، ئەو جەمسەرەی پێشووی زەوی و زار بەکار دەهێنا. وای لێهاتووە ئەو دەستەواژەیە بۆ ئاماژەکردن بە پلانی ئاشتی چاوەڕوانکراو بەکار دەهێندرێت، ئەوەی ترەمپ ڕایگەیاند، بەنیازە بۆ چارەکردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل وفەلەستین بیخاتە ڕوو. هەروەها کەوتە نێو ڕۆژنامەکان بە زمانەکانی بیانی، سەرەتا لە ئینگلیزییەکانەوە، کە ئەمەیان وتەی ترەمپە.لە کانونی دووەمی 2019دا، ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنالْ نووسی، ترەمپ چەندین جار باسی لەوە کردووە، دەیەوێت (دەستەوارەی سەدە)، بۆ چارەکردنی ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، جێبەجێ بکات. هەروەها ئاژانسی ڕۆیتەریش ئاماژەی بە " ئەو هەوڵە دیبلۆماسییە کرد، کە ترەمپ بۆ تەواو کردنی(دەستەوارەی سەدە)، سەرپەرشتی دەکات". لە 9 ئایاریشدا، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز نووسی"ترەمپ و زاواکەی گارید کۆشنەر، کە کردوویەتی بە ڕاوێژکاری خۆی و ڕۆژهئی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ ڕاسپاردووە، ئامادەن بەشی یەکەمی ئەو پلانە ئاشکرا بکەن، کە سەرۆک بەو(دەستەوارەی سەدە) وەسفی کردووە.

پوختە

لە ڕاستیدا ئاژانسی فرانس پرێس، هیچ لێدوانێکی نەدۆزیوەتەوە، چ هی ترەمپ، یان هی بەرپرسێکی گەورە، کە ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنن، هەر هیچ نەبێت بە ئاشکرا. چەندین بەرپرس لە واشنتۆن، سەرسوڕمان و هۆشداریی خۆیان لە دانی پاڵی ئەو دەستەواژەیە بۆ ترەمپ و بڵاوبوونەوەی بەو شێوەیە دەربڕی، لەوە وەڵامی پرسیارەکانی فرانس پرێسدا. جیسۆن گرینبلاٹ، نێردەی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لێدوانێکی بۆ فرانس پرێس،خۆی لە دەستەواژەی(دەستەوارەی سەدە) بەدوور گرت.□ گرینبلاٹ، کە ئەندازیارێکی کۆنگرەی مەنامەیە، لە لێدوانەکەیدا وتی:"نامەوێت ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنم، چونکە لە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنی و شوێنی دیکە، بە شێوەیەکی کەموکورت بەکار هێنراوە". وتیشی:"دیدگایەکی ژینواری دەخەینە ڕوو، کە بۆ ئاشتی مایەی جێبەجێکردن بێت".

هەڤرکێبێن ئاڤی دکەندا



لورنس نادر/دهوک

دڤی سەردەمی دا هەڤرکێبێن گەرم وتوند دئاڤا کەندا ڤی ڕیددەن وچ لناڤ ئاڤا کەندا عەرەبی بێت یان کەندا فارسی، ئەڤە دبێتە وەک پێلەکا هەڤرکێبێا دنافبەرا چەند وەلاتێن هەرێمی ونیڤ دەولەتی دا. وەک هەڤرکیا ئیرانی-ئەمریکی وبریتانی-ئیرانی یان هەڤرکێبێن عەرەب و ئیرانێ.وەکی دقورئانا پیروز دا دیارکریە (وجعلنا من الماء کل شیء حی) ئانکو هەمی تشت بریکا ئاڤێ دهێتە دروست کرن لێ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دسیاسەتا هەڤچەرخا نیڤ دەولەتی دا ئاف بو هەڤرکی وتهدید وممرەمێن جێواز دهێتە بکار ئینان.

ئینانا بارهەلگرێن فروکا یێن ئەمریکی دئاڤا کەندا عەرەبی دا وبو مەرەمێن مەشقکرنا لەشکەری سەربازی وترساندنا وەلاتێ ئیرانی بو کێمرکنا بکارئینانا یورانیوم ودروست کرنا جەکێ ئەتونومی، بڤێ چەندێ ویلایەتێن ئێکگرتی یێن ئەمریکا چەند بارهەلگرێن مەزن ئینانە ڤێ دەڤەرێ وتایبەت دئاڤا کەندا عەرەبی دا وبهاریکاریا وەلاتێن سعودیە وئیمارات بو هەڤرکیا ئیرانێ. هەر دوی دەمی دا ئیران دەست بچەندیین مانوورەیێن سەربازی دەست پێ کرن دئاڤا کەندا فارس وگەرووی هرمز دا چند گەمیێن شەری بەردانە دئاڤاخودا هوسا مانوورەیێن سەربازی دناڤبەرا وان دا پەیدابون. ل 2019/5/13 دوو گەمیێن بەترولی دهێنە سوتن دئاڤا دەریایا عومانێ دا کو دبیات دا ئەف دوو گەمیە ژسعودی وئیمارات دهاتن وشیرەتکارێ ئاسایشا نەتەوەیی یێ ئەمریکا (جون بولتون) ئیران توهمەتبار دکەت ووەلاتێ ئیرانێ ئەف جەندە قبول ناکەت. وئیران چەند جارا هزرا گرتنا گەرووی هرمز دکەت دبێژیت ئەگەر یاسایێن دەریاڤان نە هێنە جێ بەجێ کرن. ونها ریدانا دەستەسەرکرنا بارهەلگرا پترولی(ستینا ئیمبرو) یا بریتانی ژلایێ چەکدارێن ئیرانێ دناف ئاڤا هرمز دا دبیتە مژارا ڤان روژان،چەند جورە نامە وتهدید دنافبەرا هەردوو وەلاتان دروست بویە. ئیران ئەگەرێ گرتنا ڤێ بارهەلگرێ دکەتە پیشێلکرتنا یاسایێن دەریاڤانی ژلایێ ڤێ بارهەلگرێ بەروڤاژی دسەحکەنە ڤێ ریدانێ. بو زانین بریتانیا ئێک ژهێزترین ئیمپراتوریەتێن دەریایی یە دجیهانێ دا.هەر جاوا بیت ئەف مانوورەیێن سەربازی وچون وهاتنا ڤان بارهەلگرا وپیشیلکرنا یاسا دەریایێ ژلایێ هندەکا نیشانا شەرەکێ سارە وشەرەکێ سیخوری، ئابووری، دیبلوماسی ودەریایی وهوسا بایێ ڤێ شەرێ سار دبیت.سەرەرای هەبونا رێنما وپەیمانێن نیڤ دەولەتی ویاسایێن کەمیاڤان لسەر چاوانیا چون وهاتن وبکارئینانا ڤان جورە بارهەلگر وگەمیان ڤە لێ تا رادەکێ ئەڤ هەمیە دهێنە پشیلکرن ولدیف وان رێنما ناچن.وەکی ئەف دەڤەرا یا بەرنیاس ئێک ژباشترین وگرنگترین دەڤەرێن ئاڤی لجیهانێ بو ڤەگوهاستنێ. تا چ رادە دی دەڤەرە بەندا ڤی بەرەڤ شەرێ بارهەلگران ڤە چیت؟ وئایا دەڤەرا کەندا ڤی دێ بیتە جهێ شەرەکا جیهانێ یا نوی؟نە خیر شەر وهەڤرکێبێن ئابووری نە وشەرەکێ سارە! نە زیدە تر. لێ راستە ئەف دەڤەرە نە یا ئارامە.هوسا وەلاتێن بهێز ووەلاتێن هەرێمی ئەف ئاڤە ونیعمەتە ژبو بەرژەوەندییێن خو بکارئینن،هەڤرکی وشەر ونە ئارامی پەیدا دبیت وئاڤ دبیتە مەیدانا شەری وهەروەسا ژلایەکێ دیڤە دبیتە وەک جەکەک د شەری دا.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/8/4 ژمارە (5803)

لە ساڵیادی دابەشکردنی قوبرسدا

ئەردۆغان ئاماژە بە چارەسەری سەربازی دەکات



و: خالید گەردی

هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی یادی (45) ساڵەی دابەشکردنی دوورگەی قوبرس، بارگرژی بالّی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو قوبرس لەلایەک و تورکیاو یۆنان لەلاکەی دیکەدا راکێشا، سەرەڕای کۆتوبەندەکانی وڵاتانی ئەورووپی و هۆشداریيەکانی دەریاوانی فەرەنسا بۆ رووبەڕووبوونەوەی تورکیا لەو ناوچەیە، ئەنقەرە گوێ بە سزاو هۆشداریيەکان نادا، سوورە لەسەر گەڕان بەدوای نەوت و غازدا.

زیاتر بوونی بارگرژییەکەش دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو کۆمپانیا بیانییانەی لە ناوچەکە ئەوانیش بەدوای نەوت دەگەڕێن، بەمەش بارگرژی و ناکۆکییەکان لە ناوچەکەدا هێندەی تر کەڵەکەی سەریەک دەبن.وەک باسمان کرد ماوەی 40ساڵ زیاترە بەهۆی دابەشکردنی دوورگەکە پەیوەندی نێوان تورکیاو یۆنان گرژی تێکەوتووە، دوای دۆزینەوەی چەند کێڵگەی گەورەی گاز لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لەم چەند ساڵەی رابردوو ، قوبرس بە نیازە رۆڵی یاریکەرێکی گەورە لە بواری وزەدا بگێڕێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی دەسەڵاتدارانی قوبرس بۆندیان لەگەڵ چەندین کۆمپانیای زەبەلاحی وەک (ئینی و توتال و ئیکسۆن موبیل) بۆ گەڕان بەدوای غاز واژوو کردووە تورکیاش کە سوپاکەی لە باکووری دوورگەکە بوونی هەیە، بەرهەڵستی هەر پرۆسەیەکی گەڕان و دەرهێنان بەدوای وزە لە ناوچەکە دەکات، ئەگەر تورکە قوبرسییەکان لە پرۆسەکە فەرامۆش بکرێن.

هاوکات لەگەڵ یادی (45)ساڵەی دابەشکردنی دوورگەی قوبرس، رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا وەک ئاماژەیەک بۆ سەر لەنوێ بەکارهێنانی سوپا گوتی؛ ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بێت بە ژیان و ئاسایشی قوبرسە تورکەکان، ئەوا سوپای تورکیا دوودڵ نابێت لە گرتنبەری ئەو هەنگاوانەی پێش (45) ساڵ لەمەو بەر گرتیبە بەر.ئەنکەرە بەر لە چەند مانگێک لەمەوبەر سێ کەشتی دۆزینەوەی نەوتی رەوانەی بەردەم کەنارەکانی قوبرس کردو گوێی بە هۆشداریيەکانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا نەدا.رۆژی سێشەممەی رابردووش سەرەڕای دەنگدانی یەکێتی ئەورووپا لەسەر گرتنەبەری چەند رێوشوێنێک بۆ پەشیمان کردنەوەی تورکیاو راگرتنی چالاکییەکانی لە ناوچەی ئابووری تایبەت بە قوبرس، تورکیا بەڵێنی دا چالاکییەکانی لە ناوچەکە چالاکتر بکات.قوبرسیش لەلای خۆیەوە چالاکییەکانی هەڵکەنێن و گەڕانی تورکیا بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیی ناودەبات، جەخت دەکاتەوە بڕیارەکانی گەڕان بەدوای نەوت سەروەرین و تەنیا بەمافی خۆی دەزانێت. دوا بەدوای ناردنی دووکەشتی تایبەت بە دۆزینەوەی نەوت (فاتیح و یاووز) لەلایەن تورکیاوە، نیقوسیا داوای لە یەکێتی ئەورووپا کردووە، کاردانەوەی لە دژی ناردنی ئەو کەشتیانەی تورکیا هەیێت بۆ ئەو ناوچە ئابووریيانەی کەسەر بە قوبرسن.

وەک کاردانەوەیەک لەدژی چالاکییەکانی تورکیا بۆ گەڕان بە دوای وزە لە ناوچەکە، کە یەکێتی ئەورووپا لە هەوڵ دایە قوبرس ببێتە جێگرەوەی روسیا بۆ ناردنی غاز بۆ ئەورووپا چەند سزایەکی بەسەر تورکیا سەپاند، سزاکە بڕینی ((164ملیۆن دۆلار لە سندووقەکانی ئەورووپا کە وا بڕیار بوو لە ساڵی 2020 ئاراستەی تورکیای بکات، هەروەها هەڵپەسارتنی وتوێژەکانی نێوان تورکیا یەکێتی ئەورووپا لەبارەی رێککەوتنی فڕۆکەوانی، راگرتنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هاوبەش و کۆبوونەوەکانی دیکەی نێوانیان لەسەر ئاستی بەرز.هاوکات لەگەڵ زیاتر بوونی بارگرژییەکان، هێزەکانی دەریاوانی فەرەنسا ئامادەیی خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی تورکیا لە قوبرس راگەیاند، ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنساش مانگی رابردوو لە میانەی لوتکەی سەرانی ولاتانی یەکێتی ئەورووپا لەسەر سنووری دەریای ناوەڕاست، داوای لە تورکیا کرد، ئەو گەڕانە نایاساییەی بەدوای غاز لە ناوچەی ئابووری تایبەت بە قوبرس رابگرێت.

ماکرۆن بەڵێنی ئەوەشی دا کە یەکێتی ئەورووپا چاوپۆشی لەو بابەتە ناکات، هێزەدەریاوانەکانی فەرەنساش بەبەردەوامی بوونیان لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست هەیە. فەرەنسا خاوەن گەورەترین هێزی چەکداریيە لە ئەورووپاو خاوەن دووەم هێزی چەکدارییشە لە هاوپەیمانی ناتۆ. قوبرسیش بە چاوی هاوپەیمانێکی دڵسۆزی خۆی سەیری فەرەنسا دەکات بە تایبەتیش دوای یەکلابوونەوەی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە.

سزاکان کاریگەر نین

پێدەچێت هۆشداری دان و سزاکانی ئەورووپا نەیانتوانی حکوومەتەکەی داودەری و گەشەپێدان لە هەوڵەکانی گەڕان بەدوای وزە لە نزیک کەنارەکانی قوبرس و ئاوەکانی دەرەوەی هەرێمایەتی تورکیا پاشگەز بکاتەوە، یەکێ لەو بەڵگانە وتەکانی فۆناد ئۆقتای جێگری سەرۆکی تورکیایە دوای پەسندکردنی پلانی پەرەپێدانەی یانزدەهەمین بۆ ساڵانی 2019-2023، ناوبراو لە وەکەیدا جەختی لەسەر سووربوونی ولاتەکەی لەسەر گەڕان بە دوای نەوت و غاز بە هەمان وردی پێشوو کردەوە، لە رەتدانەوەی سزاکانی یەکێتی ئەورووپا لەبارەی چالاکییەکانی تورکیا لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ئۆقتای گوتی تورکیا پشت لە تورکە قوبرسییەکان ناکات، ئەگەر واشنێت ئەوا تورکیا تووشی هەڵوێستێکی ئیحراج دەبێتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپا رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.هوبرت فوستمان مامۆستای مێژوو و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی نیقوسیا پێیوایە ئەمە یارییەکەو کەس ئامادە نییە نوێخوازی بۆ بەرامبەرەکەی بکات. ناوبراو وایدەبینێت تورکیا لەسەر گەڕان لەو ناوچانەی کە حکوومەتی قوبرس ریگای بە کۆمپانیا ئەورووپی و ئەمەریکیەکان داوە، بەردەوام دەبێت.قوبرس لەو کاتەی سوپای تورکیا لە ساڵی 1974سێ یەکی باکووری داگیرکرد وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەو کودەتایەی ئامانج لێی لکاندنی دوورگەکە بوو بە یۆنان کە ئەمەش بووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ لای کەمینە تورکەکانی قوبرس، کۆماری قوبرس کە ئەندامی یەکێتی ئەورووپایە دەسەڵاتی تەنیا بەسەر بەشی خواروو دوورگەکەوە هەیە. لە بەشی باکوور تورکە قوبرسییەکان "کۆماری باکووری قوبرسی تورکی"یان راگەیاند، وڵاتی تورکیای لێ دەرچێت تا ئێستا هیچ وڵاتێکی تر دانی بەو دەوڵەتە جیابۆوە نەناوە.لەلای خۆشییەوە تورکیا جەختی لەسەر پابەندنەبوونی خۆی بە رێککەوتنی کێشانی سنوور دەریاییەکانی نێوان حکوومەتی قوبرس و وڵاتانی دیکەی سەر دەریای ناوەڕاست، دەکاتەوە.

فوستمان دەڵێت: "لەبەر ئەوەی ئەو سزایانەی یەکێتی ئەورووپا خستوویەتییە سەر تورکیا قورس نین، تورکیاش باش دەزانێت ئەوان ئارەزووی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورکیا ناکەن، تورکیا پاشەکشە ناکات.

رۆژنامەی (کاسیمیرینی) نووسیویەتی؛ نێوەندە دبلۆماسییەکانی یۆنان پێیان وایە مەبەستی ئەردۆگان بەدیهێنانی واقیعێکە لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، گۆڕینی واقیعە دروستکراوەکە بۆ ئەسیناو نیقوسیا زۆر سەخت بێت. تشارلز ئیلیناسی شارەزا لە بنکەی "ئەتلانتیک کاونسل" بۆ توێژینەوەکان لە قوبرس دەڵێت، ئەنکەرە ئەوکاتە پاشگەز دەبێتەوە، ئەگەر ئەمەریکاو یەکێتی ئەورووپا سزای قورسی بەسەر بسەپێنن، بەجۆرێک کار لە ئابووریيەکەی بکات، بەڵام پێی وایە هەر یەک لە پەیمانی ئەتڵەسی و بازرگانی و بابەتی کۆچ گرنگیەکی تایبەتی خۆی بەلایانەوە هەیە هەربۆیە ئەمە روونادات، دواتر گرژتر کردنی رەوشەکە کۆسپ دەخاتە بەردەم کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان ئەوانەی بەدوای دۆزینەوەی نەوت دەگەڕێن، کەشتییەک کە کۆمپانیای (ئینی) بۆ گەڕان بەدوای نەوت بە کرێی گرتبوو، دوای ئەوەی بەلەمە سەربازییەکانی تورکیا رێگایان لێ گرت ناچار بەگەڕانەوەیان کرد.

مانشێت



سکای نیوز:
پنتاگۆن رایگەیاند دوای کشانەوەی وڵاتەکەی لە پەیماننامەی چەکە ئەتۆمیەکان، سوپای وڵاتەکەی پەرە بە ژمارەیەک مووشەک دەدات .



رۆیتەرز:
لە دوورگەی جاوە و سومەترەی ئەندۆنیسیا بومەلەرزەیەکی بەهێز رووییدا و لە ترسی ئەگەری رووداتی تسۆنامی هەزاران کەس شوێنی نیشتەجێبوونیان بەجێ هێشت .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەمەریکا بەنیازی کێشانەوەی هەزاران سەربازە لە ئەفغانستان .



ئەی ئێف پی:
یەکێتی ئەورووپا بەنیازە پێشنیازی خستنەڕووی میساقێکی تازەیە سەبارەت بە مافی پەنابەری .



کەنالی ئار تی:
حکوومەتی ئەڵمانیا رایگەیاند لە شاری هامبۆرگ دەست بەسەر زیاتر لە 4تەن و نیو ماددەی هۆشبەر لە جۆری کۆکاییندا گیراوە .

کاریکاتێر





کچێکە لەسکی دایکیدا پێویستی زۆری بە ڤیتامین (D) دەبێ



ڤیتامین(A) یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی پرچ هەڵوەرین

پسپۆڕێکی ئافرەتان و لەدایکبوون: پێویستە دایکان دوای لەدایک بوون بایەخی زۆر بە مادەی ئاسن و ڤیتامینەکان بدەن بۆ ئەوەی جەستەیان لەزۆر نەخۆشی بپارێزن



فۆلیک ئەسید

دیمانە: وریشە عومەر

دایکان پێویستە دوای منداڵبوون کۆمەڵێک لە ڤیتامینەکان بە بەردەوامی بخۆن تاکو هەرچی زووترە تەندروستیان باشببێتەوە و ئامادەبن بۆ قۆناغی دواتر کە قۆناغی دایکایەتییە.لەماوەی دووگیانیدا دایکان گرنگی دەدەن بە چەند جۆرێکی ڤیتامینەکان لە پێناو تەندروستیەکی باشدا بۆ کۆرپەکانیان، بەڵام هەرئەوەندەی منداڵەکانیان لەدایک دەبن واز لە خواردنی ڤیتامینەکان دەهێنن و ئەوەش زیان بە تەندروستیان دەگەیەنێت.لەچەندپرسیارێکماں لە دکتۆرە(گوڵان ئەحمەد) پسپۆڕ لەدایک بوون و ئافرەتان دەربارەی گرینگی ڤیتامینەکان بۆئافرەتان دوای لەدایک بوون لێ کرد بەسوپاسە وە واجوابی دایەوە:

ئاسن و ڤیتامینی (C) پێویستە بۆ دایکان

فۆلیک ئەسید مادەی ئاسن کەلەزۆر خواردن هەیە بەتایبەتی حەب ،ئەو پسپۆڕە گوتی: فۆلیک ئەسید یەکێکە لەو ڤیتامینانەی دایکان لە سەرەتای دووگیانییەوە دەیخۆن و بەوە ناسراوە کە مەترسی دروستبوونی منداڵی ناتەندروست کەم دەکاتەوە. دوای منداڵبوون پێویستە دایکان بەردەوامبن لە خواردنی ئەم ڤیتامینە چونکە تەندروستی دڵ دەپارێزێت و توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکاتەوە.بۆیەگرنگە بردەوام بن لەخواردنی دوای لەدایک بوونی کۆرپە.

ڤیتامین D

لەدکتۆرە مان پرسی دایکان لە ماوەی دووگیانی و لە دواتریشدا کێشەی ئێسکیان بۆ دروست دەبێت چی جۆرە ڤیتامینێک گرنگە بڵێن؟دکتۆرە وادوابۆمان: ئەم راستە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا پێویستی بە بڕێکی زۆر ڤیتامین (D)و ئەو بڕە پێویستەش لە لەشی دایکی وەردەگرێت.پێویستە دایکان دوای منداڵبوون بەردەوام ڤیتامین دی وەربگرن تاکو ئێسک و ددانەکانیان بپارێزن لە پوکانەوە، ئەمەش لە رێگای دەرمانەوە یاخو راستەوخۆ خۆدانە بەر تیشکی خۆر بۆ ماوەی ١٥ خولەک یاخود زیادکردنی ماسی سەلەمون و تونە لە ژەمەکاندا.

ڤیتامین A

گومانی تیا نیە بەهۆی گۆڕانی هۆرمۆنەکانەوە لە ماوەی دووگیانیدا دایکان توشی پرچ هەڵوەردین دەبن پاش منداڵبوون لەوحاڵەتە دایکان چی بکەن باشە؟ دکتۆرە گوڵان گوتی: زۆر ڕاستە بێگومان دایکان تێبینی ئەوەش دەکەن کەپێستیان دەگۆڕێت. پێویستە دوای منداڵبوون لە ڕێگای دەرمانی تایبەتەوە یاخو لە ڕێگای ئەو خواردنانەوە کە ڕێژەی ڤیتامین (A)یان تێدایە ئەو ڕێژەیە وەربگرن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم خواردنانە زیاد بکەن: گێزەر، پەتاتەی شیرین، بیبەری سور، جگەر، کاهو (خەس).

ڤیتامین E

دەربارەی بێهێزی دایکان لەدوای لەدایک بوون دکتۆرە گوتی: ماوەی دووگیانی و منداڵبوون دایکان ماندوو دەکات. هەندێک لە دایکان بەجۆرێک بێهێز و لاواز دەبن کە ناتوانن بەپێی پێویست گرنگی بە منداڵەکانیشیان بدەن. ڤیتامین (E)یارمەتیدەرێکی زۆر باشە لەم قۆناغەدا.ئەم ڤیتامینەش لە رێگای ئەم خواردنانەوە وەربگرێت: گوێز، شیر، سپێناغ، ئەڤۆگادۆ.ئەمانە گرینگترین ئەو ڤیتامینانەن کەدەبێت ئافرەتان بایەخی زۆری پێبدەن دوای لەدایک بوون هەرچۆن لەکاتی دووگیانی بایەخی پێدەدەن ئەمەش لەپێناو پاراستنی جەستەیان لەزۆر کێشەی تەندروستی.

چارەسەرێک بۆ شەرمنەکان دۆزرایەوە

بەکارهێنانی خواردنەوە گازییەکان و شیرینەکان مەترسی مردنی ناوادە زیاتر دەکەن





لە زانستی بە ناونیشانی "بەکارهێنانی خواردنەوە گازدار وشیرینەکان مەترسی مردنی ناوادە زیاتر دەکەن"، بڵاو کراوەتەوە کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە، توێژەران، بۆیان دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی بەردەوامی خواردنەوە گازدار و شیرینەکان بە تامی میوەکان، دەبنە هۆی کورتبوونی تەمەنی مرۆڤ. لەو بارەیەوە، " جین ولشن "، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە لەپەیانگەی پزیشکی زانکۆی ئای مووری لە ئەمەریکا ، گووتی : ئەو کەسە گەورەسالانەی کە زۆرتر خواردنەوە شیرینەکان بە تامی میوە و گازدارەکان دەخۆنەوە ، زۆرتر لە مەترسی تووشبوون بە مردنی ناوادەدان.لەو توێژینەوەیەدا، توێژەران زانیاری پەیوەست بە 13هەزار و 440ژن و پیاو کەتەمەنییان لە نێوان 64ساڵ بوون لە نێوان ساڵانی 2003تا 2007تاتوێکردن . لە نێو بەشداربووان ، 71لەسەدای ئەو کەسانە تووشی زیادبوونی کێشی لەش ببوونەوە . لە ماوەی 6ساڵدا ئەوانەی کە خواردنەوە شیرین و غازدارەکانیان بەکارهێنا بوو ، 1168کەسیان گیانیان لە دەست دابوو .توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە خواردنەوانەیان کە لەشەکری لە خۆگرتبوو بوو بەکارهێنا بوو رووبەرووی مردن ببوونەوە . بەووتەی توێژەران ، خواردنی هەر 340میلیی لیتر خواردنەوە شیرین و گازییە زیادەکان ، مەترسی مردن زیاتر دەکات،چونکە دەبنە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە ، نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان

لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا حەبی چارەسەرکردنی شەرمنی بەرهەم دەهێنرێت، لەمبارەیەشەوە زاناکان دەڵێن چەندین هۆکار هەن بۆ شەرمنبوونی مرۆڤ، بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە کە چارەسەرێک بۆ ئەو مەسەلەیە دۆزرایەوە، ئەمەش دوای دۆزینەوەی مادەی باراتۆنی لەمێشکدا کە بەرپرسە لە متمانە نەبوونی مرۆڤ بەخۆی، زاناکان لەڕێگەی حەبێکەوە چارەسەریان بۆ شەرمنی دۆزیەوە، ئەگەرچی پێشووتر لەڕێگەی چەندین هەوڵەوە و بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی جیاجیا زاناکان لە هەوڵی ئەوە دابوون کە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ چارەسەر ئەو کەسانەی کە شەرمن، بەڵام هەوڵەکان بێهودەبوون، تا لەدواجار جاتی برستۆن زانای ئەمەریکی دوای ئەوەی گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە شەرم بەهۆی مادەیەکەوە بە ناوی باراتۆنی لە مێشکدا دروست دەبێت، توانی حەبێک بەرهەم بهێنێت بۆ چارەسەری شەرمنی، ئەم زانایە ئەوەشی خستە ڕوو کە لە هەر (15) منالێکی جیهاندا (10) منالیان هەست بە شەرم دەکەن کە ئەمەش زیاتر بۆ پەروەردە کردنی خێزانەکانیان دەگەڕێتەوە.



لە پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا:

ئەمڕۆ لە هەولێر ئەردەن و بەحرێن، سعودیە و کوێت ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ یەکشەمە لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، یاریەکانی کۆمەڵەی دووەمی پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی پێ لەیاریگای فرەنسۆهەریری بەڕێوەدەچێت.

لەیاری یەکەمدا کاتژمێر 7:30خولەک هەردوو هەڵبژاردەی ئەردەن وبەحرێن ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە، دواتر لەکاتژمێر 10:30 خولەک هەر لەهەمان کۆمەڵەی دووەمدا هەردوو هەڵبژاردەی سعودیە و کوەیت لەیاریگای فرەنسۆ هەریری بەیەکدەگەن، هەردوو یاری گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە لەزۆر ڕووەوە ، واپێشبینی دەکرێت هەردوو یاری بۆ هەڵبژاردەکان زەحمەت دەبێت و هەمووان بۆ سەرکەوتن و تۆمارکردنی 3 خاڵی یاریەکە بەرانبەر یەکدی دەجەنگن.

لەکۆمەڵەی یەکەمی پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا کەچوار هەڵبژاردە بەشداری یاریەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەکەن کەبریتین لەهەڵبژاردەی عێراق، لوبنان، سوریا ، یەمەن، فەڵەستین، لەکۆمەڵەی یەکەمدا هەڵبژاردەی عێراق دوو یاری ئەنجام داوە و لەیەکەمین یاری بەرانبەر لوبنان بەئەنجامی تاکەگۆڵێک براوەی یاریەکە بوو، لەیاری دووەمدا بەرانبەر فەڵەستین توانی سەرکەوتن تۆمار بکات و بەئەنجامی 2-1گۆڵ لێی بباتەوە، بەم ئەنجامە هەڵبژاردەی عێراق بەکۆکردنەوەی 6خاڵ پلەی یەکەمی کۆمەڵەی یەکەمی گرتووە.

مالکۆم

چووە زینیتی ڕووسی

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە پەیجی فەرمی خۆی ڕایگەیاند کە مالکۆمی بەرازیلی و یاریزانی یانەکەی بەفەرمی چووە یانەی زینیتی ڕووسی.

لە بەیاننامەیەکدا کە بەرشلۆنەی ڕایگەیاند: لەگەڵ یانەی زینیتی ڕووسی ڕێککەوتن بۆ ئەوەی مالکۆم بچێتە ئەو یانەیە، لەبەرامبەر 40ملیۆن یورۆ و 5ملیۆنیش لە هەرگۆڕانکارییەکدا، ئەو یاریزانە بەرازیلیە لە 24 یارییدا لەگەڵ بەرشلۆنە یاری کردووە و 4گۆڵی تۆمارکردووە و هەر لەگەڵ بەرشلۆنەدا نازناوی لالیگا و سوپەری ئیسپانی بەدەستهێناوە



ڕامیش بابۆی تەمەن 14ساڵ

لەنێو 25 گراند ماستەری، جیهانی پاڵەوانێتی کۆبنهاگن بەدەست دەهێنێت

هاوار مورتکەیی

پراگناناندها ڕامیش بابۆی شەترەنجزانی هیندی دەبێتە بچووکترین یاریزان نازناوی پاڵەوانێتی شەترەنجی کراوەی کۆبنهاگن کە بە ئیکستراکۆن دەناسرێت بەدەست دەهێنێت.

ڕامیش بابۆ لە ساڵی 2005لەدایک بووە لەتەمەنی 12ساڵیدا دووەم بچووکترین شەترەنجزان دەبێت لە مێژوودا کە بڕوانامەی بەرزی گراند ماستەر GMبەدەست دەهێنێت، و ئێستاش هەڵگری ریتینگی 2530ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە و بەیەکێک لە شەترەنجزانە زیرەکەکانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێت.

پراگناناندها ڕامیش بابۆ کاتێک بەشداری پاڵەوانێتی شەترەنجی کراوەی کۆبنهاگنی کرد، هەمووانی بەئاستە بەرزەکەی سەرسام کرد و لەنێو 368 شەترەنجزان لە 25وەلاتدا کە 25لە بەشداربووان هەڵگری بروانامەی گراند ماستەرن، توانی نازناوی ئەم پاڵەوانێتییە بباتەوە و پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

مێسی سێ مانگ لە یاریگاکان دوورخرایەوە



کۆنفیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور (کۆمێبۆل) بەهۆی لێدوانەکانی لە دژی کوپا ئەمەریکای 2019 و کۆنفیدراسیۆنەکە، سزای ئەستێرەی ئەرژەنتینی یانەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی بە سڕکردنی لە یاریە نێودەوڵەتییان بۆ ماوەی سێ مانگ دا.

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن کۆمێبۆلەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوەکراوە بەهۆی لێدوانە "بێ بنەما و قبوولنەکراوەکان"ی مێسی لەدژی کوپا ئەمەریکای 2019و کۆنفیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور، ناوبراو بە سێ مانگ دوورخستنەوەی لە یاریە نێودەوڵەتییەکان و پێبژاردنی 50 هەزار دۆلار سزادراوە. جێی باسە لەدوای دۆڕانیان بە هەڵبژاردەی بەڕازیل بە ئەنجامی 0-2 لە یاریی نیوەی کۆتایی و بردنەوەیان لە هەڵبژاردەی چیلی بە ئەنجامی 1-2 و بوونە خاوەنی پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتیی کوپا ئەمەریکای 2019لیۆنێل مێسی بەشداریی ڕێوڕەسمی وەرگرتنی مەدالیاکانی نەکردبوو. لەدوای ئەوەش کە لە میانی یاریی هەڵبژاردەکەی لەگەڵ چیلیدا، کارتی سووری وەرگرت، مێسی بۆ یارییەک سزادرا.

دواجار ئالڤێش گەڕایەوە بەرازیل

یانەی ساوپاولۆی بەرازیلی لە پەیجی فەرمی خۆی ڕایگەیاند کە گرێبەستیان لەگەڵ دانی ئالڤێشی تەمەن 36ساڵان مۆرکردووە کە تا دیسیمبەری 2022 یاریان بۆ بکات.

ئالڤێشی کاپتنی هەڵبژاردەی بەڕازیل لە لێدوانێکی ڤیدیۆییدا کە لە تویتەر بڵاوی کردۆتەوە و دەڵێ: ئێمە لە ساڵی 2019ەین، لەتوانامدا هەبوو لەهەر شوێنێ یاری بکەم، بەڵام ئەوەم هەڵبژارد کە بگەڕێمەوە بۆ بەرازیل، ئێستاش خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە بەڵێنەکەم بەجێ گەیاند و دواجار گەڕامەوە بەڕازیل.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 4. Aug. 2019 No: (5803)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ئەمڕۆ چلەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا بەڕێوە دەچێت

ئەمڕۆ کاتژمێر5:30ی ئێوارە لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر چلەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) بەڕێوە دەچێت، عەبدولغەنی عەلی یەحیا زیاتر لەنیوسەدە خەباتی پێنووس و بەرگریکارێ لەنەتەوە و نیشتیمانەکەی، ئامادەبوون لەو یادە ڕێز و وەفایە بۆگیانی پاکی خوالێخۆشبوو. **هەر بەم بۆنەیەوە ڕاپۆرتێک لە لاپەرە (9) بخوێنەوە.**

ئەنفال ئەو زامەی ساڕێژ نابێت

دڵسۆز ماوەتی: ئێمە کوردین قەت نامرین ئەگەر منداڵانیشمان ببەن، یەکێکی دیکە لە دایک دەبێتەوە

وریشە عومەر

لەبیرەوەری ئەنفالدا، کە قێزەونترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە کە دەرهەق بە گەلی کورد کرابێ و تێدا 180هەزار ئەنفالی دەشتی گەرمیان و هەشت هەزار بارزانی تەنها لەبەر ناسنامەی کوردبوونیان لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعس زیندە بەچاڵ کران. لەم بیرەوەریە تاڵەدا کە هەست بزوێنترین تراژیدیایە بۆ کورد، سیاسی و هونەرمەند و وەرزشوان و تێکڕایی چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بە جۆرەها شێواز یادی دەکەنەوە، کچە هونەرمەند دڵسۆز ماوەتی لە والی تایبەتی خۆی لە فەیسبوک بە داڕشتنی چەند ووشەیەکی شیعر ئامێز بەم شێوەیە هەستی خۆی دەربڕیوە و نووسیویەتی: ئێمە کوردین قەت نامرین ئەگەر منداڵانیشمان ببەن ،یەکێکی دیکە لە دایک دەبێ تەوە سلاو لە شەهیدانمان سلاو لە ئە نفالی کوردستان..



جینۆسایدی ئێزدییەکان لە پێشانگایەکی ناسیح عەلی خەیاتدا نمایشکرا



بەرهەم: ڕۆژی 8 -2کاتژمێر4ی ئێوارە لەبەردەم باخی گشتی سلێمانی ،بەبۆنەی ساڵیادی کارەساتی جینۆسایدی ئێزییەکان، گروپی فۆتۆگرافەرانی گەڵاپێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ فتۆگرەفەر (ناسیح عەلی خەیات) کردەوە.

جینایەتەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕژێمی خۆراکی کاریگەری کەمتریان هەیە

لە مالپەڕی زی جۆردن تایمز ، هاتووە و تۆێژەران ڕایانگەیاند ، جینایەتەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕژێمی خۆراکی کاریگەری کەمتریان هەیە لە سەر قەڵەویی تاکەکان. بە وتەی تۆێژەران ئەو کەسانەی بە شێوەی جیاتی لە ژێر کاریگەری زیادبوونی کێشدان بە شێوەیەکی ژیانی ناتەندروستیش ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشی لەش.پێوانەکردنی ستاندارد بۆ قەڵەویی و چەوری لەش کە بە " بی ئێم ئای" ناسراوە بە پێی کێش و بالآیە . پێوەری چەوری جەستە بە ڕێەی 25تا 30پیشان دەدات کە ئەو کەسە زیادەکێشی هەیە . 30و بەسەرەوە نیشانەی قەڵەوییە .قەڵەویی بە گرنگترین هۆکارە مەترسییەدارەکانی تووشبوون بە جەلتەی دڵ ومێشک ، شەکرە و تووشبوونە بە ژمارەیەک لە شێرپەنجەکانە ..بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراویی تەندروستی جیهانی لە دوای ساڵانی 1970 ڕێژەی زیادبونی کێشی لەش لە نێو منداڵان و گەورەساڵان ڕووی لە زیادبوون کردووە و ئەنجامی تۆێژینەوەکان پیشانی داوە کە جیناتەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕژێمی خۆراکی کاریگەری کەمتریان هەیە لە تووشبوون بە قەڵەویی.



سلێمانی.. پێشانگای فۆتۆگرافی (شەبەنگی چاوی سروشت نیگای خانمان بۆ سروشت و جوانی) کرایەوە

ناسیح عەلی خەیات: بەدروشمی (شەبەنگی چاوی سروشت نیگای خانمان بۆ سروشت و جوانی) گرووپی فۆتۆگرافەرانی گەلا پێشەنگایەکی کردەوە بۆ (50) خانمی هەر چوارپارچەی کوردستان کە پێکهاتبوو لە نزیکەی 60تابلۆ تابلۆکان هەموویان باسیان لە: (ژیانی ڕۆژانەی کوردستان دەکرد کولتوری، کەلەپوری، سروشت) لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنەسورەکە لە سلێمانی کرایەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

سیریل بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە



هەمزە سەرحان

هونەرمەندی گۆرانیبێژ، سیریل فەتاح نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بەناوی "ئەبێ ئیتر" لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب بڵاوکردەوە.گۆرانی "ئەبێ ئیتر" نوێترین بەرهەمی هونەریی سیریلە، هۆنراوەی دەرباز یونسە، هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ داناوە، هێمن حوسێن کاری ئەرەنجمێنتی بۆ کردووە. جگە لەوەی دەرهێنانی نەبەرد جوامێریی هاوسەریەتی، وەکو ئەکتەر لە ڤیدیۆ کلیپەکەشدا بەشداری کردووە.

سیریل فەتاح خانمە گۆرانیبێژێکی کوردە، لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، زیاتر لە ٢٠ ساڵە نیشتەجێی وڵاتی سویدە، چەندین ڤیدیۆ کلیپ و گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، جگە لەوەش چەند گۆرانییەکی بە عەرەبی بڵاوکردووەتەوە.